گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٢ ژ.١، ٢٠٢٣
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v12n1a1667

# بەراوردی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئنگلیزیدا، تویژینەوەیەکی وەسفی بەراووردیە

م.کاوە طاهر ظاهر، پشکا زمانێ کوردی، زانکویا دهوک، هەرێما کوردستانێ - ئیراق

**پووختەی لێکۆلینەوە**

ئاوەڵناو بەشێکی سەرەکییە لە پۆلەکانی ئاخاوتن لە زۆربەی زمانەکاندا و رۆلێکی سەرەکی دەبینێت لە رۆنکردنەوەی ناو و جێناودا، زۆر جار بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێت و هندێك جاریش تێکەل دەبێن لەگەڵ پۆلەکانی تری ئاخاوتندا، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندواە کەوا ئاوەڵناو لە دوو زمانی جیاواز وەرگرین و چۆنیەتی بەکارهێنانی هەر یەکەیان دیار بکەین و دوواتر لەگەڵ یەکتری بەراووردیان بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەراست و زمانی ئینگلیزیمان وەرگرتووە .

لەم توێژینەوەیەدا هەولدراوە بۆ زانینی لایەنی هاوبەش و جیاوازی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئنگلیزیدا، کە هەردووکیان سەر بە زمانی هیندۆ ئەوروپین، کەرەستەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ئاوەڵناو لە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەرات و زمانی ستاندەردی ئنگلیزی

**ووشە کرێکەکان:** ئاوەڵناو، زمانی کوردی، زمانی ئینطلیزی، بەراورد.

## 1. پێشەکی

— ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەراوردی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئنگلیزیدا) لە بواری زمانەوانی بەراورد دایە.

— هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: زانینی لایەنی هاوبەش و جیاوازی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئنگلیزیدایە، کە هەردووکیان سەر بە زمانی هیندۆ ئەوروپین.

— کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە: کەرەستەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ئاوەڵناو لە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و زمانی ستاندەردی ئنگلیزیدا گرنگی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە زمانی ئنگلیزی زمانێکی ستاندەردی جیهانیەو تا دێت قسە پێکەرانی زیاتر دەبێت و رەگ و ریشەی لە نێو زمانی نەتەوەکانی دیکە دادەکوتێت، هەروەها ئاوەڵناو پانتاییەکی گەورە لە زمانی ئنگلیزی دا داگیر دەکات، زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوەڵناو رێگا لەبەردەم ئەوانە خۆش دەکات، کە دەیانەوێت فێری زمانی ئنگلیزی ببن.

— ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوە: ئامانجمان دەرخستنی ئاوەڵناوە، لە زمانی کوردی و زمانی ئنگلیزیدا، لەرووی چەمك. و زاراوە و پێناسە و تایبەتییەکانی ئاوەڵناوەوە و هەروەها پێوەرو بنەماکانی و وەك :(پێوەری مۆرفۆلۆژی، پێوەری سینتاکسی، پێوەری واتایی) و چونیەتی بەیەکداچوونی ئاوەڵناو بە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکەدا لە هەردوو زماندا ، پاشان ناساندنی ئاوەڵناو لەرووی پێکهاتەوە، ئاوەڵناو لەرووی واتاوە، ئاوەڵناو لەرووی پلەوە. ئاوەڵناو لەرووی ئەرکەوە. ئینجا بەراوردکردنێکی تێروتەسەل و دیاریکردنی لایەنی لێکچوو و جیاوازی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئنگلیزیدا .

— رێبازی توێژینەوەکە: رێبازی توێژینەوەکەمان بریتیە لە توێژینەوەیەکی وەسفی بەراوردی دوو زمان کە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و زمانی ستاندەردی ئنگلیزیە.

— پێکهاتەی توێژینەوەکە: پێکهاتەی توێژینەوەکە سێ بەشە، بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ئاوەڵناو و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا، بەشی دووەم: دەروازەیەك بۆ ئاوەڵناو و جۆرەکانی لە زمانی ئنگلیزیدا، بەشی سێیەم: بەراوردی ئاوەڵناو لە هەردوو زماندا، ئەنجامەکان، سەرچاوەکان.

## 2. بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ئاوەڵناو و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا

### 1.2هەندێك لایەنی ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتن

### 1.1.2 چەمك وزاراوەکانی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو وشەیەکە، یان. مۆرفیمێکە، کە یەکێك لە خاسیەت و تایبەتییەکانی ناو، یان جێناو دەردەخات. واتە وەسفی ناوێك، یان جێناوێك دەکات و دەبێتە تەواوکەری ئەو ناوە، یان ئەو جێناوە، کە وەسفی دەکات. ((هەرچەندە زمانی کوردی تەواو زمانێکی ئاوەڵناوی نییە، بەڵکو زیاتر زمانێکی ناوەندییە Neutral، بەڵام ئەوەند شیانەی هەیە، کە بەشێکی زۆری ناوچە ئاوەڵناوییەکان دابپۆشێ. ئەمە لە رووی واتاییەوە، لە رووی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەوەش ئەو شیانەی هەیە تا ئاستێکی زۆر (نەك بەرەهای) ناسنامەی ئاوەڵناویێتی وشەکان پێشانبدات)).

(سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوللا خۆشناو : 2010: ٧٩ ) (ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك، واتای چۆنێتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێ، لە ئاوەڵناودا ئەم ڕاگەیاندنە چ لە بەرکارهێنانی ڕستەسازیدا و چ لە تایبەتێتی و وشەسازیدا ڕوون و ئاشکرا بەدیار دەکەوێ)). (ئەورەحمان حاجی مارف: ٢٠١٤ :١٠٩ب) واتە ئاوەڵناو وشەیەکە بەتایبەتی لەگەڵ ناو، یان جێناو بەکاردێن بۆ پێدانی زانیاری لە بارەی ئەو ناوە یان جێناوەی لەگەڵیدا دێن.

(ئاوەڵناو پەیوەستە بە ناو و جێناوەوە، واتە دۆست و هاوڕێی ناو و جێناوە لە ڕستەدا، ئاوەڵناویش هەروەکو ناو و ئاوەڵکار هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی نییە، بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕووخسارەوە دیاری بکرێن بەڵکو دیاریکردنی ئاوەڵناو لە ڕستەدا پەیوەستە بە واتاوە). (نەریمان عەبدوللا خۆشناو:٢٠١٣ :٥٣) واتە ئاوەڵناو چەمکێکە لە هەموو زمانێکدا هەیە و زمانەکان وشەی تایبەتیان بۆ دەربڕینی چەمك و خاسیەت و تایبەتێتی شتەکانی دەوروبەر هەیە، بەڵام ئەوەی زمانەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە ئەوەیە مەرج نیە، هەڵسوکەوتی زمانەکان لەگەڵ چۆنیەتی دەربڕینی ئەو چەمکانەوە وەك یەك بێت. بەوپێیە ئاوەڵناوچەمکێکە پێویستە لە ڕوانەگەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەوە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت،(ئاساییە بیرۆچکەیەك لە زمانێکدا بەهۆی بەشێکی ئاخاوتنەوە دەرببڕێ، لە زمانێکی تردا بەهۆی بە شێکی ترەوە)) (محەمەد مەعروف فەتاح : 2010:٥٣).

لەڕووی زاراوەشەوە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێکهاتووە کە بریتین لە (ئاوەڵ + ناو) نوسەران و زانایانی زمانی کوردی زاراوەکانی وەکو : (صفە، ئاوەڵناو، ناونیشانە، ڕەوش، پەسن، خاسیەت، خاسیەتناف) هەتا ئێستا بۆ بەکارهێناوە، کە ئەمانەن: سەعید سدقی : صفە، تۆفیق وەهبی: ئاوەڵناو، مەردۆخ: ناونیشانە، ڕەشید کوردی: ڕەوش، جگەرخوێن: پەسن، کوردۆییف: خەسیەتناف. (لیژنەیەك لە نوسەرو زمانەوانانی کۆڕی زانیاری کورد: ٢٠١١ :٦٦)، (ئاوەڵناو) یان پەسند کردووە ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

- چونکە لەلایەن. بەشێکی زۆر لە نووسەرانەوە بەکارهاتووە، تەنانەت لە کتێبی قوتابخانەکانیش هەر بەو ناوەوە ڕوییوە.
- گونجان هەیە لە نێوانی واتای زاراوەکە و ئەو مەبەستەی کە لە ئاوەڵناو هەستی پێ دەکرێت. (لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زتنیاری کورد: ٢٠١١ :٦٦).

### 2.1.2 پێناسەی ئاوەڵناو

لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوون بۆ ئاوەڵناو وەك بەشێك لەبەشە سەرەکیەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی کۆمەڵێك پێناسەمان دەست کەوت، کە زمانەوانە دێرین و نوێیەکان بۆ ئاوەڵناویان کردووە و هەریەکەشیان لە ڕوانگەی جیاوازاوە لە ئاڵناو دواون و پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە، کە گرنگترینییان ئەمانەن:

- سەعید سدقی دەڵێت: ((اسمێکە حاڵ و شانی اسمەکەی پێش خۆی بەیان دەکات و بەو اسمە دەڵێن (موصوف) بە هەردووکیان دەڵێن (ترکیبی توصیفی)، وەك: کاغەزی سپی)). (لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زتنیاری کورد: ٢٠١١ :٦٦)
- تۆفیق وەهبی دەڵێت: ((سیفەت کەلیمەیەکە بۆ تەواوکردنی مەعنای ناو یان بۆ ناو بەکارئەهێنرێ)). (ڕێزمانی ئاخوتنی کوردی: ٢٠١١ :٦٧)
- محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت: ((ئاوەڵناو شتێکە وەسفی ناو، یان ڕاناو دەکات)). (محەمەد ئەمین هەورامانی:١٩٧٣ :١٦٣)
- نووری عەلی ئەمین دەڵێت: ((واژەیەکە، یا بۆ وەسفی ناوێك، یا ڕاناوێك، یا فرمانێکی بێ هێز بەکار ئەهێنرێ)). (نووری عەلی ئەمین.: 2013 :١٢٠)

ئەم پێناسانەی پێشوو گرنگترین ئەو پێناسانە بوون، کە زمانەوانە دێرینەکان لە بارەی ئاوەڵناوەوە خستبوویانە ڕوو، لەگەڵ ئەوەی ئەم پێناسانە تاڕادەیەك ئاوەڵناویان ناساندبوو، بەڵام ڕووبەڕووی ڕەخنەش بوونەوە، کە گرنگترین ڕەخنەکانیش بریتیی بوون لەوەی زمانەوەوانە دێرینەکان بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لەبەشە ئاخاوتنەکانی دیکە (واتا) یان دەکردە بنەما ، بەڵام بەتەنیا بەلایەنی (واتا)ی ناتوانین ئاوەڵناو دەست نیشان. بکەین، بەڵکو پێویستە جگە لە پێوەری (واتایی) هەردوو پێوەری (مۆرفۆلۆژی) و (سینتاکسی) لە بەرچاو بگرین بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو. ((دێرینەکان (واتا)یان دەکردە بنەما بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو. وەك ئەو پێناسانەی، کە جەخت لەسەر وشەی(وەصیفە) دەکەنەوە، بەڵام ئەگەرچی (واتا) بنەمایەکە بۆ ناسسینەوەی ئاوەڵناو، بەڵام بەتەنها لەبەر چاوگرتنی واتا یەکێکە لە سیمای کاری ڕێزمانی دێرین)). (عمر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٦: ٣٨ )، هەروەها زۆربەی ئەو پێناسانەی زمانەوانە دێرینەکان بۆ ئاوەڵناویان کردبوو گشتگیر و هەمەلایەن نەبوون، بەڵکو زیاتر یەك لایەنی ئاوەڵناویان باس دەکرد ئەویش (وەصفە)، واتە وەصفی ناو یان جێناو دەکات، جگە لە مەش باسی ئەرکی ئاوەڵناو و لایەنی مۆرفۆلۆژی ئاوەڵناویان زۆر بەکەمی دەکرد، بەڵکو زیاتر لە ڕوانگەی واتاوەبۆ ئاوەڵناو دەچوون.

هەندێکی تر لە زمانەوانە دێرینەکان تەنیا لە ڕوانگەی ئەرکەوە پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەری واتایی و مۆرفۆلۆژی، واتە تەنیا ئەرکی ئاوەڵناویان باس کردووە. لە هەندێ پێناسەدا سونەتیەکان پێناسەی (ئاوەڵناو)یان لەسەر بنەمای ئەرکەوە دەکرد. (سەلام. ناوخۆش و نەریمان عەبدەللا خۆشناو :٢٠١٠: ٧٣ )، هەروەها زمانەوانانی نوێی کوردیش بەم جۆرە تێڕوانینو بیروبۆچونی خۆیان لە بارەی ئاوەڵناوەوە خستۆتە ڕوو:

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت : ((ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك، واتایی چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێ. لە ئاوەڵناودا ئەم ڕاگەیاندنە چ لە بەکارهێنانی ڕستەسازیدا و چ لە تایبەتێتی وشەسازیدا ڕوون و ئاشکرا بەدیار دەکەوێ)).(ئەوڕەحمانی. حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٠٩)
- عەبدولواحید موشیر دەزیی دەڵێت: ((بەشێکی ئاخاوتنە شێوە و جۆری شت پێشان دەدات وە بەکاتەوە نەبەستراوە، مروڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکانی خۆی بە ئاوەڵناو دەدەبڕێ، کە وەسفی بارودۆخ و کەس و شت دەکات، مرۆڤ لەوڕێگایانەوە هەست و هەڵوێستی خۆی پێ دەردەبڕێ)). (عەبدلواحید موشیر دەزیی: ٢٠١٣: ٧٣)
- یوسف شەریف سەعید دەڵێت: ((ئاوەڵناو وشەیەکە، یان کۆمەڵە وشەیەکە لە بارەی ناوەوە زانیاری و ڕوون کردنەوە دەدات و یەکێك لە تایبەتەمەندییەکانی ناو وەك: دۆخ، نیشانە، خاسیەت ، ئەندازە وژمارە، ...تاد، ڕوون. دەکاتەوە، هەروەها چۆنیەتی بەرجەستەیی، یان. گوزارەیی ناو، یان جێگری ناو پێشان دەدات، بەڵام خۆی دۆخ و جنس و ژمارەی نییە، بەڵکو هی ناوەکە دەردەخات: خانووی گەورە،ڕەوشتی بەرز، مرۆڤی نەخۆش، کتێبی. بەسوود. ئاوەڵناو هەندێك جار دەتوانێت بێتە جێگری ناو وەك: گەورەهات. زانا لە ژیانیدا سەرکەوتووە)). (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٤٦)
- ڕەفیق شوانی دەڵێت: ((ئاوەڵناو بەشێکی ئاخاوتنە، وەسفی ناو و ڕاناو دەکات، وەك: چاك، گەندە، دڵپاك)). (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٣٨)

بە وردبوونەوە لەو پێناسانەی، کە زمانەوانە نوێیەکانی زمانی کوردی کردوویانە لە بارەی ئاوەڵناوەوە، ئەوا هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکەین بە بەراورد بە پێناسەکانی زمانەوانە دێرینەکانی زمای کوردی، کە تەنها لایەنی واتاییان دەکردە بنەما بۆ دیاریکردن و ناسینەوەی ئاوەڵناو، بەڵام زمانەوانە نوێیەکان بەپێچوانەوە جگە لە گرنگی دان بە لایەنی واتایی (ئاوەڵناو) بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی ئاوەڵناو گرنگی زۆریشیان بە لایەنی (مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی)ش داوە، کە زۆر بە روونی و ئاشکرایی لە پێناسەکانیاندا هەستی پێدەکرێت، کە زۆر بە باشی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی ئاوەڵناویان باسکردووە، ئەمە جگە لە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی ئاوەڵناو لە ڕستەدا .

کەواتە ئەم پێناسانە هەرسێ لایەنی (واتاییو مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی)یان. کردووە بە بنەما بۆ دیاریکردن و ناسینەوە و پێناسەکردنی ئاوەڵناو. بەو پێیە لە کۆی ئەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێیین، کە ئاوەڵناو وشیەکە یان واژیەکە زانیاریمان لە بارەی، ناو یان جێناو پێدەدات، کە خاوەنی (دۆخ و جنس و ژمارە) نیە، بەڵام تایبەتمەندی ناو لە ڕووی (دۆخ و ڕەگەز و ژمارە،...تاد) ڕوون دەکاتەوە، لەڕستەدا دەبێتە (دیارخەری ناو یان جێناو یان نیهاد یان گوزارە یانتەواو کەری کاری ناتەواو،...تاد) .

### 3.1.2 تایبەتییەکانی ئاوەڵناو:

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو وەك بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن کۆمەڵێك تایبەتی و بنەمای هەیە کە گرنگترینییان ئەمانەن:

- دەبێتە تەواوکەری ناو و جێناو و گرێ پێکدەهێنێت.(ڕەفیق شوانی :٢٠١١ :٣٨)
- ئاوەڵناو دەبێتە بنەما بۆ داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێ.
- ئاوەڵناو پلەی بەراوردی و باڵای هەیە و نیشانەو گیرکی تایبەتی خوی هەیە، کە بریتین لە (تر، ترین).
- ئاوەڵناو کە بووە تەواوکەری کار ئەوا دەبێتە ئاوەڵکار.
- دەبێتە گوزارە لە ڕستەدا.
- ئاوەڵناو دۆخ و جنس و ژمارەی نیە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف; ٢٠١٤: ١٠٩)

### 4.1.2 پێوەر و بنەماکانی جیاکردنەوەی بەشە ئاخوتنی ئاوەڵناو

### 1.4.1.2 پێوەری مۆرفۆلۆژی

ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا هەندێك پێوەر و تایبەتی مۆرفۆلۆژی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە بەشە ئاخاوتنێکی دیکە، ئەم پێوەرو تایبەتمەندیانە هەندێکیان لە ئاوەڵناودا هەن و لەبەشە ئاخاوتنەکانی دیکە نین، وە

هەندێکیشیان لە ئاوەڵناو و بەشە ئاخاوتنەکانی دیکەشدا هەن، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان دەتوانرێت بە پێشگرەکانی وەك (نا،نە،بێ) نەرێ بکرێن، بۆ نموونە: خۆش ناخۆش بەهێز بێ هێز خۆش نەخۆش.
- ئاوەڵناو دۆخ و جنس و ژمارەی نیە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٢)
- یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی ئاوەڵناو بوونی پلەیە ئەویش پلەکانی (بەراورد و باڵا)ن، کە خاوەنی (مۆرفیمی تایبەتی خۆیەتی، کە بریتیە لە مۆرفیمە پاشگرەکانی (تر،ترین).
- ئاوەڵناو دەتوانێت ببێت بە بنەمایەك بۆ دارشتن و دروستکردنی وشەی تازە.
- گیرەکە ڕێزمانیەکان: هەموو ئەو پاشگرە ڕێزمانیانەی، کە بەناوەوە دەلکێن دەتوانن، لەگەل ئاوەڵناو دا بەهەمان ئەرك و واتا بەکاربێن، لەمانە نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی و تاك و کۆ و خۆیەتی و ڕاناو ی خزاو، وەکو: جوان ، جوانەکە، جوانێك، جوانەکان، جوانان، جوانەکانم (هەڵبژارد) ئەو جوانە، ئەوجوانانە، لەناو جوانەکاندا. (محمەد مەعروف فەتاح:٢٠١٠: ٣٠١)
- لە باری وشە سازییەوە ئاوەڵناو لە چاو ناودا لە بوونی فۆرمی هەمەچەشندا هەژارە (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٠)
- هەندێك پێشگر و پاشگر هەن یارمەتی ڕۆنانی ئاوەڵناوی دارێژراو دەدەن، وەکو پاشگری (ن) و پێشگری (بێ)، کە ئەم پێشگر و پاشگرانە بەتەنیا دەچنە سەر ناو، ئاوەڵناو پێکدەهێنن، وەکو: توکن ، ورگن،بێهۆش، بێهێز.
- گیرەکی دارشتن: زۆربەی ئەو پاشگرە دارشتنانەی، کە دەچنە سەر ناو بەهەمان واتا، لەگەڵ ئاوەڵناویشدا بەکاردێن واتە هاوبەشن، وەکو پاشگرەکانی (ی، یَتی، ایەتی، ەتی، ە، ەڵان، ەمەنی، ێنە، انە، ەن، ۆڵ، ندە، ایی، ۆڵە، ەك)، بۆنموونە: (کوێری، دۆستایەتی، گەورەیەتی، خراپە، ساردەمەنی، زەردێنە، پاکانە، ڕووتەن، نەرمۆڵ، دڕندە، شیفایی، نەرمۆڵە). هەروەها (ئاوەڵناویش وەکو ناوی نابەرجەستە و ناوی شوێن و جێگەی ئامێریان لێدروست دەکرێت و بچوکیش دەکرێنەوە وەکو: ناسکۆڵە). (محمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٢)

### 2.4.1.2 پێوەری سینتاکسی

ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا لە ڕستەدا هەندێك ئەرك دەبینێت، بەڵام مەرج نیە هەموو ئەرکێك ببینێت لە ڕستەدا، چونکە ئەرکەکانی ئاوڵناو دیاریکراون و ناتوانێت هەموو ئەرکێك لە ڕستەدا ببینێت، کە گرنگترین ئەرکەکانی ئاوڵناو لە ڕستەدا ئەمانەن:

- ئاوەڵناو دەبێت بە نیهاد.

بۆ نموونە: تێر ئاگای لە برسی نیە. (کوردستان موکریانی و محمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٣: ٤٢)

- ئاوەڵناو دەبێتە گوزارە.

وەکو: ئەم کچە چەند جوانە! (زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٥٣) ئارام زیرەکە . چ منداڵێکی ژیرە؟ (شێروان حسین خۆشناو: ٢٠١٦: ٩٧)

ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو ئەویش بە یارمەتی **نیشانەی خستنەپال** وەکو: گوڵێکی جوانم چاند.

کورە چالاکەکە گەیشت. (گۆران شاخەوان: ٢٠١٥: ٩٤)

دەبێتە دیارخەری ئاوەڵناوێکی تر یان بەهۆی **نیشانەی خستنەپال**

، یان بەبێ **نیشانەی خستنەپال**

- بۆ نموونە: پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا هات.
- دەبێتە دیارخەر و تەواو کەری جێناو.

بۆنموونە: ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون. (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو:٢٠١٣: ٦٤) تۆی زیرەك دەردەچیت.

- دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. وەکو: ئاسۆ زیرەکە.

کچێکی زۆر جوانە و زۆر ژیرە. (یوسف نووری محمەد ئەمین: ٢٠١٥: ١٥١)

### 3.4.1.2 پێوەری واتایی

ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا چەند پێوەر و تایبەتمەندیەکی هەیە، کەجیای دەکەنەوە لەبەشە ئاخاوتنەکانی دیکە، کە پێوەری واتاییش یەکێکە لەو تایبەتمەندی و پێوەرانەی، کە ئاوەڵناوی پێ جیادەکرێتەوە لەبەشە ئاخاوتنەکانی دیکە . بە گوێرەی ئەو بیرو واتایانەی، کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا دەری دەبرێت دەکرێت بە چەند پۆل و بەشێکەوە، کە هەرەیەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئەمانەن: (ئاوەڵناوی بارستایی، ئاوەڵناوی ڕەنگ، ئاوەڵناوی تایبەتی فیزیکی شت،

ئاوەڵناوی تایبەتی کەسی، ئاوەڵناوی خێرای،ئاوەڵناوی تەمەن، ئاوەڵناوی بەها). (ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕووی واتاوە ئەوەیە، کە ئاوەڵناو بەتایبەتی ئەم بیرانە دەردەبڕن: بارستایی، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها. بێگومان ئەو حەوت بیرەی سەرەوە سەرچاوەی هەموو ئاوەڵناون لە هەموو زمانەکانی گێتیدا، واتە زمان نییە ئاوەڵناوەکانی سەر بەیەکێك لەم بیرانە نەبێت). (محمەد مەعروف فەتاح :٢٠١٠: ٣١٠)

جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە ئەمانەن: ڕەنگ، تەمەن، بەها، تایبەتی کەسی، بارستایی و قەبارە، دووری، تام، ڕواڵەتی شت، کێش، خێرایی (عمر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٦: ٤٥-٦٢) لەڕووی واتاوە ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی دابەش دەبن بەسەر چەند ڕووبەرێکدا، وەك: ئاوەڵناوی ڕەنگ، ئاوەڵناوی تەمەن، ئاوەڵناوی خێرایی ، ئاوەڵناوی **تایبەتی** فیزیاوی، ئاوەڵناوی چێژ، ئاوەڵناوی هۆشەکی، ئاوەڵناوی چەندێتی، ئاوەڵناوی خزمایەتی، ئاوەڵناوی پلەی گەرما. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە لە هەندێك سەرچاوەکان ئاوەڵناویان لە ڕووی واتاوە دابەشکردووە بەسەر زیاتر لە حەوت بەش، بەڵام بەشێکی زۆری زمانەوانە کوردەکان تەنیا حەوت جۆریان دیاری کردووە.

ئاوەڵناو لە هەموو زمانەکانی جیهاندا ئەم بیرانەی خوارەوە دەردەبڕدرێت، واتە زمان نییە ئاوەڵناوەکانی سەر بە یەکێك لەم بیرانە نەبێت، بەڵام هەرزمانێك بەجۆرێك سود لەم سەرچاوانە وەردەگرێت. ((واتە مەرج نیە هەموو زمانێك هەموو ئەو جۆر رسنەی هەبێت)) . (محمەد مەعروف فەتاح :٢٠١٠: ٣١٠). هەموو ئەو بیرو واتایانەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا دەری دەبڕێت ئەمانەن:

- قەبارە: گەورە ، کورت ... هتد.
- ڕەنگ: سەوز ،ڕەش ... هتد
- تایبەتی فیزیکی شت: گەرم، شیرین، سوێر ... هتد.
- تایبەتی کەسی: قەڵەو، قەزەم، ژیر، زیرەك ... هتد.
- خێرایی: هێواش ، تیژڕەو ،خێرا ... هتد.
- تەمەن: گەنج، پیر، هەرزەکار ... هتد.
- بەها: هەرزان، خراپ، بەکەڵك ... هتد.

### 5.1.2 پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە

#### 1.5.1.2 پێکداچوونی پۆلە وشەکان

دیاردەی پێکداچوونی وشەکان بریتیە لەوەی وشەیەك لەیەك کاتدا بتوانێت سەر بە دوو بەشە ئاخاوتن یان زیاتر بێت، ئەو دیاردەیە بەبیرو بۆچوونی زمانەوانەکان دیاریەکی گشتیە و لە زۆربەی زمانەکان بەدی دەکرێت. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەریەکە لە وشەکانی (قاتل، سامع، ...تاد) لە هەمان کاتدا (ناو و کردار)ن، یان ناوەکانی وەك (احمد، یثرب، یزید ... تاد) ڕێژەی ڕونانەکانیان لەسەر ڕێژەی (کردار)ە. لەزمانی ئنگلیزیدا کردارەکانی وەك (open, fast....etc) لەم دوو ڕستەیەدا وەك ئاوەڵناو ڕەفتار دەکەن.

He left the door open. (Adjective)

He made the machine fast. (Adjective) (عومەر ئەحمەد عزیز: ٢٠١٦: ٦٩)

هەر بۆیە ((گوێزانەوەو گۆڕانی وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، دیاردەیەکی هەمیشەییە لە زماندا. لەبەر ئەوە دابەشکردنی وشە بەسەر بەشەکانی ئاخاوتن دا کارێکی گرانە)) (ئەورەحمان حاجی مارف: ٢٠١٤: ٦٩)، لە زمانی کوردیشدا دیاردەی پێکداچوونی پۆلە وشەکان هەیە، ئاوەڵناویش یەکێکە لەو بەشە ئاخاوتنانەی زمانی کوردی، کە ئەم دیاردەیەی چالاکانە تیایدا ڕوو دەدات، ئاوەڵناو کاتێك پێکدادەچێت، لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی تر ئەوادەبێت بەناو یان ئاوەڵکردار یان کردار، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر ڕوو دەدات. پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر وەك یەك نییە بۆ نموونە لەگەڵ هەندێکیان زۆر چالاکانە پێکدادەچێت وەك (ناو)، بەڵام لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە بەو جۆرە چالاك نییە. مەرج نییە، دیاردەی پێکداچوون تەنها لەنێوان دوو کۆمەڵەی سەر بەهەمان پۆلدا ڕوودەدات وەك (ناو و ئاوەڵناو)، بەڵکو دەکرێت لە نێوان پۆلە سینتاکسی و فەرهەنگییەکانیشدا ڕوودەدات، بو نموونە پریپۆزەیشن، بێگومان ئەم دیاردەی پێکداچوونە تەمومژی فەرهەنگی دروست دەکات بۆیە ((لەم جۆرە تەم و موژیەدا زیاتر جەخت لەسەر بەشەکانی ئاخاوتن دەکرێتەوە. وشە هەیە دەکرێت لە ڕستەیەکدا (ناو) بێت، لە ڕستەیەکی تردا (ئاوەڵناو) بێت)). (عومەر ئەحمەد عزیز: ٢٠١٦: ٧٠)، لە بنەڕەتدا هەر وشەیەك، کە پێکداچوونی تێدا ڕوودەدات و دەبێ بە بەشە ئاخاوتنێکی دیکە سەر بەبەشە ئاخاوتنێك، یان پۆلێکی دیاریکراوە، بەڵام لەبەر پێویستی ئەو وشانە لە پۆلێکەوە یان لە بەشە ئاخاوتنێکەوە دەپەڕنەوە

بۆ پۆلێکی تر یان بەشە ئاخاوتنێکی دیکە. کەواتە هەریەکە لە وشەکانی (هێواش، زۆر ) لە ڕستەکانی:

- پیاوەکە هێواش دەڕوات.
- پیاوەکە زۆر قسە دەکات.

ئاوەڵکاری چۆنیەتین، بەڵام لە بنەڕەتدا لە فەرهەنگدا لە ڕیزی ئاوەڵناو تۆمارکراون، یان وشەکانی (هێمن، ئارام، زانا، دلێر) وەك ناوی تایبەتی بۆ ناونانی مرۆڤ بەکاردێن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئاوەڵناون، هەروەها وشەی (ئەژی) لە بنچینەدا (کار)ە، بەڵام وەکو ناوی تاینەتی بەکاردەهێنرێت، جگە لەمانە وشەکانی (سەر، پشت، ...هتد) ناون، بەڵام ئەگەر لە ڕستەدا شوێنی ڕوودانی کارەکەیان دەرخست ئەوا دەبنە (ئاوەڵکار).

#### 2.5.1.2 پێکداچوونی ئاوەڵناو و ناو

دیاردەی بوونی ئاوەڵناو بە ناو لە زمانی کوردیدا هەندێك جار ڕوودەدات بە زۆری کاتێك ئاوەڵناو دەبێت بە ناو ئەوا زیاتر دەبێت بە ناوی تایبەتی، هەرکاتێك کە، ئاوەڵناو بوو بە ناو ئەوا خاسیەت و خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی خۆی لە دەست دەدات خاسیەت و تایبەتمەندی ناو وەردگریت . ((لە زمانی کوردیدا هەندێ جار ئاوەڵناو دەبێت بە ناو . کاتێ ئاوەڵناو دەبێ بەناو خاسیەتە ئەسڵیەکانی نامێنێ و ئەو خاسیەتانە وەردەگرێ، کە ناو هەیەتی))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢١٧)، بۆ نموونە وشەکانی (ئارام، زانا، دڵخوش، ...هتد) هەم (ناو)ن و هەمیش (ئاوەڵناو)ن.، بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون ببێتەوە، کە ئەم وشانە وەك (ناو، یان ئاوەڵناو) بەکار هاتوون لە ڕستەدا بەکاریان دێنین.

نموونە: هێدی چوو بۆ زانکۆ. (ناو)ە.

ئیاوی هێدی ئاشكرایة (ئاوەڵناو)ە.

((ئەم وشانە لە فەرهەنگدا بە ئاوەڵناو دادەنرێن، بەڵام کۆمەڵ بۆ ناوی تایبەتی بەکاریان. دەهێنێت، بۆیە لە هەمان کاتدا بوونەتە ناوی تایبەتیش)). (عومەر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٦: ٧٢)، یان وەکو لە ڕستەی (مامۆستا پرسیاری لە خوێندکارە زیرەکەکە کرد).وشەی (زیرەکەکە) لەم ڕستەیەدا ئاوەڵناوە، بەڵام لە ڕستەی (مامۆستا پرسیاری لە زیرەکەکە کرد). لەم ڕستەیەدا وشەی (زیرەکەکە) بووە بە ناو.

نموونە: نەخۆشێکی زۆر بێهوش لە تەنیشتمەوە پاڵ کەوتووە.

"نەخۆش" کە لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوە لێرەدا بووە بە ناو .

لە زمانی. کوردیدا گوێزانەوەی ئاوەڵناوە بۆ ناو ئەو خاسیەتەی هەیە کەوا ئاوەڵناوە گوێزراوەکە دەبێت بە کۆڵەکە بۆ دیارخەرەکانی دی. بە وێنە: "ئەو نەخۆشەکانی دوێنێ"، "نەخۆشێکی بێهۆش"،...هتد (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٧)، هەروەها بەشێکی زۆری ئاوەڵناوی چۆنیەتی بە تایبەتی ئەوانەی سیفەتی باشن دەتوانن ببنە ناوی تایبەتی و ناسناو، وەك (شیرین، نازدار، بێکەس، پیرەمێرد، ...تاد) (ئەورەحمان حاجی مارف: ٢٠١٤ :١٢١). هەروەها لە زمانی کوردیدا جگە لە دیاردەی بوونی ئاوەڵناو بە ناو. ئەوا دیاردەی بوونی ناویش بە ئاوەڵناو ڕوودەدات، واتە لە زمانی کوردیدا بەشێك لە ناو شیانی ئەوەیان هەیە، کە ببنە ئاوەڵناو.(ناویش یەکێکە لەو بەشە ئاخاوتنانەی، کە بەئاسانی دەتوانرێ دەوری ئاوەڵناو ببینێ، پێچەوانەی ڕوودانی بوونی ناوە بە ئاوەڵناو. ئەمە لە سروشدا کەمتر واقعییە، وەك لە بوونی ئاوەڵناو بەناو) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢١٦).

ناو ئەگەرچی بەهۆی کەرەسەی وشە ڕۆنانەوە بە ئاسانی دەبێت بە ئاوەڵناو، بەڵام ئەگەر لەو ڕێگەیەوە نەبێ، ئەوا بارودۆخێکی تایبەتی دەوێ کە، ئەو دەورە ببینێ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٧)، بۆ نموونە وشەکانی (ژن، پیاو) ناون وە لەڕستەی (ژنی کورد ئازایە) وشەی (ژن) بووە بە ناو، بەڵام لە کێڵگەی واتایی خۆیاندا سەر بە پۆلێکی دیاریکراون، قسەکەری هەر زمانێك بە ئاسانی دەتوانێت وشەکان بناسێتەوە)).

#### 3.5.1.2 پێکداچوونی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار

دیاردەی بوونی ئاوەڵناو بە ئاوەڵکار لەو دیاردانەیە، کە لە زمانی کوردیدا ڕوودەدات ،کاتێك ڕوودەدات، کە ئاوەڵناو لە ڕستەدا وەسفی کارەکە بکات و ببێتە دیارخەری کار ئەوا ئاوەڵناو دەبێت بە ئاوەڵکار، بۆ نموونە وشەکانی (هێواش، کەم، ...تاد) ئاوەڵناون لە فەرهەنگدا، بەڵام ئەگەر لە ڕستەدا ببنە دیارخەری کار و وەسفی کارەکە بکەن ئەوا دەبنە ئاوەڵکار، بۆنموونە:

- ئازاد هێواشە. (هێواش: ئاوەڵناوە).
- ئازاد هێواش دەڕوات. (هێواش: ئاوەڵکارە).

((پەیوەندی (ئاوەڵناو و ئاوەڵکار ) لەوەدا دەردەکەوێ،کە کاتێك ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا پەسنی کردار دەکەن و. دەبنە ئاوەڵکردار. لەم کاتەشدا وشەکان لەهەمان باری (ڕەگ)دا دەبنە ئاوەڵناو لە ئاستی فەرهەنگدا.)) (عومەر ئەحمەد عزیز: ٢٠١٦: ٧٣).

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو ئەوەیە، کە بە ئاسانی دەبێتە ئاوەڵکردار. بە وێنە ئاوەڵناوی "جوان" لەسەدان ڕستەی وەك (شیرین کچێکی جوانە)دەبینرێ، بەڵام ئەم ئاوەڵناوی "جوانە"، کاتێك وەسفی کردار بکات دەبێت بە ئاوەڵکردار، وەك (شیرین جوان دانیشتووە). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢١٧-٢١٨)، هەروەها (ئەو ئاوەڵناوەی کە لە ڕێزمانی دێریندا پێیان دەوترا (ئاوەڵناوی چۆنیەتی) دەبنە ئاوەڵکردار، ئەویش بە زیادکردنی مۆرفیمی / بە/ی ڕێزمانی و مۆرفیمی / ی / وشە دارێژی واتایی، کە لەڕستەدا فرێزی ئاوەڵکرداری دروست دەکەن) (عومەر ئەحمەد عزیز: ٢٠١٦: ٧٣)، بەڵام ئەو ئاوەڵناوانەی کە دەبنە فرێزی ئاوەڵکرداریی، ئاوەڵناو نامێنن و لە ئاوەڵناو دەشۆرێن. بەم شێوەیە:

| ئاوەڵناو | فرێزی ئاوەڵکرداری |
|---|---|
| خراپ | بە خراپی |
| خاو. | بە خاوی |
| چاك | بە چاکی |

زۆربەی ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بەم شێوەیە دروست دەبن ئاوەڵکاری چۆنیەتین، چونکە وەسفی چۆنیەتی کارەکەمان بۆ دەخەنە ڕوو، هەروەها دەتوانین بەشێك لە ئاوەڵناوە چۆنیەتیەکان وەك ئاوەلکردار بەکاربهێنین. بۆ نموونە: (زۆر، کەم) لە ڕستەی کاروانچییەکان زۆریان وت و ئەوان کەمیان بیست. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٢٠)

### 5.1.24.پێکداچوونی ئاوەڵناو و کردار

بەیەکداچوونی ئاوەڵناو و کردار دیاردەیەکە لە زمانی کوردیدا ڕوودەدات، چونکە هەندێ وشە هەن لە زمانی کوردیدا لەهەمان کاتدا (ئاوەڵناو و کردار)ن، ئەگەر ئەم وشانە وەسفی ناو یان بوونە دیارخەری ناو ئەوا دەبنە (ئاوەڵناو)، بەڵام ئەگەر ئەم ئەرکانەی نەبینی، ئەوا دەبنە کردار و جێگەی کردار پردەکەنەوە. کردار و ئاوەڵناو وەك دوو پۆلی سەربەخۆی فەرهەنگی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە. ((لەکۆندا ئاوەڵناو لەلایەن (ئەرستۆ) و (پرتۆ)ەوە بە بەشێك لە کردار دانراوە پێیان وابووە، کە ئاوەڵناو و کردار سەر بە پۆلێکی فەرهەنگین، کە پێی دەوترێ پۆلی کردار )). (عومەر ئەحمد عەزیز : ٢٠١٦: ٧٤)، بەڵام زمانەوانە تازەکان پێیان وایە، کە (ئاوەڵناو و کردار) دوو پۆلی فەرهەنگی سەر بەخۆن یان دوو بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ و جیاوازن، چونکە ئاوەڵناو (کات)ی تێدانییە و مۆرفیمەکانی کرداریش وەرناگرێت، هەروەها ئەو ئاوەڵناو کردارانەی، کە پێکداچوون لە نێوانیاندا ڕوودەدات لەیەك چاوگەوە دروست دەکرێن.، بۆ نموونە:

خۆری درەوشاوە هەڵهات. (ئاوەڵناوە)

خۆر دەدرەوشێتەوە. (کردارە)

فرمێسکی بریسکاوەی چاوەکانیم بینی. (ئاوەڵناو)

فرمێسکی چاوەکانیی دەبریسکایەوە. (کردارە). (عومەر ئەحمد عەزیز :٢٠١٦ :٧٤)

جگە لەم وشانە چەندین. وشەی تر لە زمانی کوردیدا هەن، کەدەتوانن. بېن. بە مەردوو بەشە ئاخاوتن و پۆلە فەرهەنگی (ئاوەڵناو و کردار)، بەڵام جیاکردنەوەیان تەنها لە ڕستەدا دەبێت.

### 2.2 پۆلکردن و تایبەتییەکانی جۆرەکانی ئاوەڵناو

### 1.2.2 لەڕووی پێکهاتنەوە

مەبەست لە ئاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتنەوە بریتیە لە ئاوەڵناو لە ڕووی دارشتنەوە. ئاوەڵناویش لە ڕووی پێکهاتنەوە، وەکو ناوە، کە ئاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتنەوە دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا ئەوانیش بریتین لە (ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵناوی ناسادە)، ئاوەڵناوی ناسادەش دابەش دەبێت بۆ (ئاوەڵناوەی دارێژراو و ئاوەڵناوی لێکدراو ).

ئاوەڵناو لە ڕووی دارشتنەوە بەسەر دوو بەش دابەش دەبێت: ئاوەڵناوی سادە و. ئاوەڵناوی ناسادە. (کوردستان موکریانی :٢٠١٧: ٣٠)

### 1.1.2.2 ئاوەڵناوی سادە

ئەو ئاوەڵناوەیە، کەتەنیا لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، کە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو، بۆنموونە: جوان، بەرز، تەمبەڵ، خۆش، سپی.

ئەو ئاوەڵناوەیە، کە تەنیا لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێت،وەك: سپی، پاك، درێژ، بەرز. (کوردستان موکریانی :٢٠١٧ :٣٠)

ئەو جۆرە ئاوەڵناوەیە کە تەنیا لەیەك وشە پێکهاتبێ واتە (بێ پاشگر و بێ پێشگر).(عەبدولواحید مشیر دەزیی:٢٠١٣ :٧٤)

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە لەیەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێك دێت، وەکو: جوان، پاك، زیرەك، سور، لێژ، خراپ، باش، بەرز،قورس، ...هتد). (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو :٢٠١٣: ٥٩)

**2.1.2.2 ئاوەڵناوی ناسادە**

ئەو ئاوەڵناوەیە ، کە لە زیاتر لە وشەیەك پێکهاتووە، ئەگەر لە وشەیەك و زیادەیەك پێکهاتبێت، جا زیادەکە پێشگر یان پاشگر بێت ئەوا پێی دەوتریت (ئاوەڵناوی دارێژراو)، بەڵام ئەگەر لە دوو وشەی سادە یان زیاتر پێکهاتبێت، ئەوا پێی دەوترێت (ئاوەڵناوی لێکدراو).

دەکرێ بە دوو بەشەوە :ئاوەڵناوی دارێژراو و ئاوەڵناوی لێکدراو).(عەبدولواحید مشیر دەزیی:٢٠١٣ :٧٥)

(ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی بەند، یان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکهاتبێت، ئاوەڵناوی ناسادە دوو جۆرە: ئاوەڵناوی دارێژراو و ئاوەڵناوی لێکدراو). (کوردستان موکریانی :٢٠١٧: ٣٠-٣١)

کەواتە لەو پێناسەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناوی ناسادە بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیە پێکدێت جا زیادەکە پێشگربێت یان. پاشگر یان. هەردووکیان بەیەکەوە، کە ئەم جۆرە بریتییە لە ئاوەڵناوی دارێژراو، یان ئاوەڵناوی ناسادە لە دوو وشە یان زیاتر یان دوو وشەو زیادەیەك جا زیادەکە پێشگر یان پاشگر یان ناوبەندبێت پێکدێت و دەبێتە ئاوەڵناوی لێکدراو، کەواتە ئاوەڵناوی ناسادە دوو جۆرە، کە بریتین لە ئاوەڵناوی دارێژراو و ئاوەڵناوی لێکدراو.

**1.2.1.2.2 ئاوەڵناوی دارێژراو**

بەو ئاوەڵناوانە دەگوترێت، کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك دروست دەبێت، زیادەکەش **لەوانەیە** پێشگر یان پاشگر بێت، وەکو: بێهێز، نەخۆش،....هتد.

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی دارێژراو بەیارمەتی پێشگر و پاشگر سازدەبێ، بۆ رۆنانی ئاوەڵناوی دارێژراو هەندێ پێشگر و پاشگر هەن، کە دەچنە سەر (ناو یان ئاوەڵناو یان کردار یان ئاوەڵکردار )ی سادە و دەیانکەنە ئاوەڵناوی دارێژراو. (ئەورەحمانی حاجی مارف :٢٠١٤ :٨٣)

(لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و لە مۆرفیمێکی دارێژەر بەشێوەی پێشگر، یان پاشگر پێکدێت: فێڵباز، بێکەڵك،...تاد). (عومەر ئەحمد عەزیز: ٢٠١٦: ٤٤)

(ئاوەڵناوی دارێژراو لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەندی دارشتەوە دادەڕێژرێت، لەوانەیە مۆرفێمە بەندەکە بەپێش مۆرفێمە سەربەخۆکە کەوێت، یان بکەوێتە کۆتاییەوە).(کوردستان موکریانی : ٢٠١٧: ٣١). بەو ئاوەڵناوە دەوترێت، کە لەوشەیەکی سادە و پێشگرێك، یاخود پاشگرێك، یاخود هەردووکیان پێك دێت.(نەریمان عەبدوللا خۆشناو:٢٠١٣ :٥٩)

ئەوەی تێبینیمان کرد لە هەندێك پێناسەکانی ئاوەڵناوی دارێژراو ئەوەیە، کە هەندێك لەو پێناسانەدا دەڵێن ئاوەڵناوی دارێژراو لە وشەیەکی سادە و پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردوو کیان پێکدێت بەلآم لە ئەنجامی زۆر گەڕان و بەدواچوون لەسەرچاوەکاندا هیچ نموونەیەکمان دەست نەکەوت کە ئاوەڵناوی دارێژراو لە وشەیەکی سادە و پێشگر و پاشگر بەیەکەوە دروست بوو بێت.

یاساکانی (رێگاکانی) دروستکردنی ئاوەڵناوی دارێژراو ئەمانەن

یەکەم: ئەو پێشگر و پاشگرانەی، کە دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵناوی دارێژراو دروست دەکەن، بریتین لە:

أ. پێشگری (نە، نا).

پێشگر + ئاوەڵناوی سادە = ئاوەڵناوی دارێژراو .

نە + خۆش = نەخۆش (کوردستان موکریانی:٢٠١٧: ٣١)، نە + ساخ = نەساخ. نا + پاك = ناپاك (نەریمان عەبدوللا خۆشناو:٢٠١٣ :٦٠)

ب. ئەو پاشگرانەی، کە دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە و ئاوەڵناوی دارێژراو سازدەکەن ئەمانەن: (اك، یلکە، ۆڵە، انی، وور، ەڵە، ۆڵ، یڵ، کەلە، ۆڵکە، ۆکە، ۆ، کیلە، لکە).

ئاوەڵناوی سادە + پاشگر = ئاوەڵناوی دارێژراو .

بۆ نموونە: رووناك، خشتیلکە، نەرمۆڵە، خرۆڵە، رەقانی، مەستور، شرۆڵ (ئەورەحمانی حاجی مارف :٢٠١٧:٨٨) ، سەوزەڵە، ناسکۆڵ، وردیل، قشتیل، سورکەلە، نەرمۆلکە، تەختۆکە(کوردستان موکریانی :٢٠١٧ :٣٣)، بۆزۆ (ئەرەحمانی حاجی مارف: :٢٠١٤ :٨٨)

جوانکیلە، سپیلکە (نەریمان عەبدوللا خۆشناو:٢٠١٣ :٦١)

دووەم: ئەو پێشگر و پاشگرانەی، کە دەخرێنە سەر ناو، ئاوەڵناوی لێ دروست دەکەن

أ. پێشگر، وەك: (بێ، بە) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٤١).

پێشگر + ناو = ئاوەڵناوی دارێژراو، وەکو:

بێ +ناو = ئاوەڵناوی دارێژراو وەکو: بێ ناو، بێهوش، (ئەرەحمانی حاجی مارف: :٢٠١٤ :٨٣)، بێبەش، بێجێ، بێژن، بێکەس، بێهێز (کوردستان موکریانی :٢٠١٧ :٣١).

بە + ناو = ئاوەڵناوی داڕێژراو، وەکو:

بەجەرگ (نەریمان عەبدولا خۆشناو:٢٠١٣ :٦٠)، بەهێز، بەخۆڕایی، بەتام، بەڕێز ...تاد.

ب. پاشگر

ئەو پاشگرانەی، کە ئاوەڵناوی داڕێژراو لە ناوی سادە دروست دەکەن لە زمانی کوردیدا ئەمانەن

(ی، ین، ۆڵ، ەوەر، دار، انە، اتی، ەکی، ن،. ێ، ناك، وور، اوی، باز، ە، گین، خن) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ٢٠١٤: ١٤٢-١٣٦).

ناوی سادە + پاشگر = ئاوەڵناوی داڕێژراو ، وەکو:

سلێمانی، جیهانی(نەریمان عەبدوللا خۆشناو :٢٠١٣: ٦٠)، کوردستانی، پۆڵاین، ئاگرین، کرمۆڵ(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤ :٨٥) ، بەختەوەر، بەهرەوەر (کوردستان موکریانی: ٢٠١٧: ٣٢)، بەشدار، ڕێزدار، کچانە، پیاوانە، ژنانی، شەڕانی، خێڵەکی، دەشتەکی، گۆشتن، ورگن، کرمێ (ئەڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٤٤)، ترسناك، خەمناك، ڕەنجوور (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٤٥)، ڕەنگین، زەنگین ، درۆزن.

سێیەم: ئەو پێشگر و پێشگرانەی دەچنە سەر ڕەگی کردار یاخود ناوی چاوگ و دەیکەنە ئاوەڵناوی داڕێژراو (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: :٢٠١٤ :٨٩).

أ. پێشگر، وەکو پێشگرەکانی (نە، ب).

نموونە: نەمر (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: :٢٠١٤ :٨٩)، نەزان، نەبەز، بکوژ، بوێر.

ب. پاشگر، کە ئەمانەن (ۆك، ەك، ار،ا، وو) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤ :١٤٧-١٤٨)، وەکو: لەرزۆك، گەڕۆك، نووسەك، گیرەك، دیار "لە"دیتن"ەوە وەرگیراوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: :٢٠١٤: ٩٠)، ژیار، زانا(نەریمان عەبدولا خۆشناو:٢٠١٣ :٦٢)، دانا، توانا، مردوو، نووستوو

چوارەم: لە هەندێ باردا ئاوەڵکاری سادە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاوەڵناوی داڕێژراو بەیارمەتی پاشگر بەتەنیا. لە ئەنجامی گەڕان بۆمان دەر دەکەوت، کە لە ئاوەلکرداری سادە و پاشگر ئاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەبێت واتە پێشگر ڕۆڵ نابینێت لەم پرۆسەیەدا. پاشگرەکانیش ئەمانەن (ەکی، وو، ین) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٥٠، ١٥١).

ئاوەلکرداری سادە + پاشگر = ئاوەڵناوی داڕێژراو، وەکو:

سەرەکی، پێشەکی، سەروو، خواروو، بەرین (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٩٠).

### 2.2.1.2.2 ئاوەڵناوی لێکدراو

ئەو ئاوەڵناویە، کە لە لێکدانی. دوو وشە یان زیاتر بەیارمەتی ناوبەندێك یان بەبێ یارمەتی ناوبەند دروست دەبێت، وەکو: دڵپاك، لێوبەبار.

(لە دوو مۆرفیمی ئازاد یان دوو مۆرفیمی ئازاد و مۆرفیمێکی بەند پێکدێت). (یوسف شەریف سەعید : ٢٠١٣: ٥٠)

(بریتیە لە لێکدانی دوو ئاوەڵناوی سادە یان دوو وشەی واتاداری سادە، کە بەشێوەی دروست بوونەکەی زۆر شێوەی هەیە). (عەبدولواحید موشیر دەزیی: ٢٠١٣ :٧٥)

(ئەو ئاوەڵناوەیە، کە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی بەند، یان زیاتر پێکدێت: گەورەکچ، پیرەپیاو، چاولەدەر). (عومەر ئەحمەد عەزیز: 2016: ٤٤) لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێت و لە هەندێ باردا ناوگرێکیش بەشداری لە داڕشتنی دەکات. (کوردستان موکریانی: ٢٠١٧: ٣٥)

ڕێگاکانی دروست کردنەوەی ئاوەڵناوی لێکدراو ئەمانەن:

- ناو + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: باڵا عەرعەر، قەد شمشاڵ، ...تاد.
- ناو + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: دڵگەش، دەستپاك، چاوکاڵ، ...تاد.
- ناو + بە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: گوڵبەدەم، دەمبەخەندە، دەستبەقور ، ...تاد.
- ناو + بە + ناوی لێکدراو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: دەستبەدەستنویژ، ..تاد.
- ناو + ناوی بەرکار = ئاوەڵناوی لێکدراو (یوسف شەریف سەعید :٢٠١٣: ٥٠)، بۆ نموونە: دەستبڕاو، ماڵخوراو، ماڵبڕاو، شکاو، ...تاد.
- ئاوەڵناو + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: پرسوود (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٥٣)، خۆشناو، خۆشباوەڕ، ...تاد.
- ئاوەڵناو + ە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: پیرەژن، کورتەباڵا، تاریکەشەو، ...تاد.

- ناو + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو:، وەکو: پیاوکوژ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٥٤)، ئاشتیخواز سەربڕ ،دەستبڕ، ..تاد.
- ئاوەڵناو + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: ڕەشپۆش، دووربین، ڕاستگۆ، ...تاد.
- ژمارە + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: یەکدەنگ، چوارچرا، دووڕوو، ...تاد.
- ئاوەلکردار + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: سەردار، ژێرزەمین، بندیوار، ...تاد.
- ئاوەلکردار + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: کەمخۆر ، زۆربلێ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٠٨)، بنکۆڵ، ...تاد.
- دووبارەکردنەوەی ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: کونکون، خاڵخاڵ (یوسف شەریف سەعید : ٢٠١٣: ٥١)، پۆلپۆل، دەستەدەستە، ...تاد.
- ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: ڕەشوسپی ، سوروسپی ، ..تاد.
- ئاوەڵناو + و + بێژەیەکی بێ واتا = ئاوەڵناوی لێکدراو، وەکو: گورجوگۆڵ، ڕەقوتەق، نەرمونۆڵ، ڕێکوپێك، ڕووتوقووت (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٥١)،...تاد.

### 2.2.2 لە ڕووی واتاوە

لە زمانی کوردیدا بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە، هەریەکە لە زمانەوانە کوردەکان لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناویان دابەشی چەند جۆرێك کردووە، کە هەریەکە لەو زمانەوانە باسی خاسیەت و تایبەتمەندی ئەو جۆرانەی کردووە لە ئاوەڵناو لە ڕوانگەی واتاوە، بۆیە ئێمە لێرەدا باسی هەندێ لەو جۆرانە دەکەین لای زمانەوانە کوردەکان، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ئاوەڵناوی لە ڕووی واتاوە پۆلێنیکردووە بۆ سێ بەش، کە بریتین لە ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی نسبی، ئاوەڵناوی نادیار) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٢٩،١٢٥،١١٩).
- یوسف شەریف سەعید ئەویش، لە ڕوانگەی واتاوە ئاوەڵناوی دابەش کردووە بۆ سێ جۆر، کە بریتین لە (ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی نسبی، ئاوەڵناوی نادیار) (یوسف شەریف سەعید :٢٠١٣: ٥١-٥٣).
- نەریمان عەبدوللاَ خۆشناو ئاوەڵناوی لە ڕووی واتاوة پۆلێنیکردووە بۆ چوار بەش، کە بریتین لە: ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی نیشانە، ئاوەڵناوی نسبی، ئاوەڵناوی نادیار، (نەریمان عەبدوللاَ خۆشناو :٢٠١٣: ٥٧-٥٣). بەڵام ئێمە لە سنوری توێژینەوەکەمان تەنیا چوار جۆر (ئاوەڵناومان باسکردووە لە ڕووی واتاوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- ئاوەڵناوی چۆنیەتی
- ئاوەڵناوی نیشانە
- ئاوەڵناوی پرس
- ئاوەڵناوی نادیار

### 1.2.2.2 گرنگترین جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتا و تایبەتییەکانیانەوە

#### 1.1.2.2.2 ئاوەڵناوی چۆنیەتی

ئەو ئاوەڵناوەیە، کە ڕاستەوخۆ مانای چۆنیەتی و سیما و خاسیەت و نیشانە پێشان دەدات، وەك ڕەنگەکانی سپی، سور، شەوز، کاڵ، شین، ...تاد، یان تام و. چێژ دەردەبڕن، وەك (تاڵ، ترش، سوێر)، یان سیمای خاسیەت دەردەبڕن، وەکو (گەرم، سارد، قورس، پتەو، پڕ، ...تاد)، یان شێوە و قەبارە دەخەنەڕوو، وەکو (قەڵەو، لاواز، خڕ، خڕین). (یووسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٥٢)
بەو ئاوەڵناوە دەوترێت، کە چۆنیەتی خاسیەت و نیشانە دەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوەڵناوی چۆنیەتی هەمەجۆرە، لەوانە واتای ڕەنگ نیشان دەدات، وەك (زەرد، شین، سور، سپی، ...تاد)، یان. چەمکی دەوروبەر ڕادەگەیێنێ، وەك (ڕاست، چەپ)، یاخود سیفەت نیشان دەدات، وەك (ڕەزیل، ڕووخۆش)، یاخود شێوە دەردەبڕێ، وەك (قەڵەو، پان، بەرین، لاواز) .(نەریمان عەبدوللاَ خۆشناو :٢٠١٣: ٥٣).

کەواتە ئاوەڵناوی چۆنەیتی بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە واتای چۆنیەتی خاسیەت ونیشانە و تایبەتی کەسێك یان شتێك دەردەخات لەوانە واتای شێوە و قەبارە، وەك (گەورە، درێژ، پان). یان واتای ڕەنگ، وەك (سپی، شین)، یان واتای شوێن، وەك (باکور، خوارەوە، ڕاست)، یان واتای سیفەتی کەسی، وەك (دەستپاك، ڕووخۆش).

**تایبەتییەكانی ئاوەڵناوی چۆنیەتی:**

- ئاوەڵناوی چۆنیەتی لە رووی پێكهاتنەوە دەكرێ سادە یام ناسادە بێت (یوسف شەریف سەعید :٢٠١٣ :٥٢). وەكو : سپی، بەهێز ، باڵابەرز، ...تاد.
- توانای پێكهێنانی پلەی بەراورد و پلەی باڵای هەیە، وەك(گەورە - گەورەتر - گەورەترین).
- ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەگونجێت وەكو ئاوەڵكردار لە ڕستەدا بەكاربێت، وەكو: كوڕەكە زۆر زیرەكە. (زۆر:ئاوەڵناوە) كوڕەكە زۆر هەوڵدەدات. (زۆر : ئاوەلكارە).
- زۆرینەی ئاوەڵناوە چۆنیەتییەكان، وەك ناوی تایبەتی و ناسناو بەكاردێن، وەكو: بەهێز ، بەرێز، بێكەس، پیرەمێر، ...هتد.

**2.1.2.2.2 ئاوەڵناوی نیشانە**

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، كەدەستنیشانی ناوی كەسێك یان شتێك لە ڕستەدا دەكەن. ئاوەڵناوی نیشانە هەمیشە دەبنە دوو پارچە ،پارچەیەكیان دەكەوێتە پێش ناوەكە و پارچەیەكەیتریان دەكەوێتە دوای ناوەكە ئەم دوو پارچەیە دەبنە دیارخەر بۆ ناوەكە، هەر بۆیە هەر ناوێك بە ئاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بكرێت ئەوا دەبێتە ناوێكی ناسراو. (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو : ٢٠١٣: ٥٤-٥٥). ئەو ئاوەڵناوەیە، كە ناوێك دەردەخات جا ناوەكە ناوی كەس بێت یان شت، واتە دەبێتە دەرخەری ئەو ناوەی كە لەگەڵیدا دێت لە ڕستەدا، ئاوەڵناوی نیشانە لە دوو بەش پێكهاتووە هەمیشە بەشی یەكەمی دەكەوێتە پێش ئەو ناوەی كە دەری دەخات و بەشی دووەمیشی دەكەوێتە دوای ناوەكە، هەروەها ناوەكە دەكاتە ناسراو. ئاوەڵناوە نیشانەكانیش ئەمانەن:

— ئەم ...... ە   لەگەڵ تاكی نێر و مێی نزیك بەكاردێت.

— ئەم ........ انە   لەگەڵ كۆی نێر و مێی نزیك بەكاردێت.

— ئەو ........ ە   لەگەڵ تاكی نێر و مێی دوور بەكاردێت.

— ئەو ........ انە   لەگەڵ كۆی نێر و مێی دوور بەكاردێت.

ئاوەڵناوی نیشانە بۆ ئاماژە پێكردنی ناوێك، یان شتێكی دوور، یان نزیك بەكاردێت، وەكو: ئەم ماڵە زۆر خۆشە. ئەم ئاوێنە تەمیز نینە. (علی روخزدای: 2011: ٥٨).

((ئەو ئاوەڵناوەیە كە كەسێ یان. شتێكی پێ دەست نیشان ئەكرێ، وەك ئەم كوڕە و ئەو كچە خوێشن)). (نووری عەلی امین: ٢٠١٣: ١٣٠)

گرنگترین تایبەتییەكانی ئاوەڵناوی نیشانە ئەمانەن

— ئاوەڵناوی نیشانة بەشێكە لە ئاوەڵناو لە روانگەی واتاوە.

— ئەركی دەرخستنی ناوە لە ڕستەدا، كە ناوەكە دەكاتە ناسراو.

— هەمیشە لەگەڵ ناو دێت.

— لە ناو ڕستەدا ئاوەڵناوی نیشانە دەبێتە دووپارچە یەكێیان دەكەوێتە پێش ناوەكە، پارچەكەی تریان دەكەوێتە دوای ناوەكە. (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو:٢٠١٣ :٥٥)

— دووری و نزیكی ناوەكان دیاریدەكات، هەروەها تاك و. كۆیی ناوەكانیش دەردەخات، بۆنموونە:

ئەم پشیلە سورە.   (بۆ تاكی نێر و مێی نزیك بەكار هاتووە)

ئەم پشیلانە سورن.   (بۆ كۆی نێر و مێی نزیك بەكار هاتووە)

ئەو منداڵە بە هێزە.   (بۆ تاكی نێر و مێی دوور بەكار هاتووە)

ئەو منداڵانە بەهێزن.   (بۆ كۆی نێر و مێی دوور بەكار هاتووە)

**3.1.2.2.2 ئاوەڵناوی پرس**

ئەو وشە و مۆرفێمانەن، كە بۆ پرسیاركردن لەكەس و شت بەكاردێن و دەخرێنە پاڵ ناوێك، یان جێناوێك لە ڕستەدا، ئاوەڵناوە پرسەكانیش بریتین لە (چ، چی، چۆن، چەند، چەن، كام، كامە)، بۆنموونە: كام خوێندكار بەیەكەم دەرچوو؟

لەم ڕستەیەدا وشەی (كام) ئاوەڵناوی پرسە، چونكە لە شێوەی پرسیاردا چۆنیەتی (خوێندكار)ی دەرخستووە.

ئەو ئاوەڵناوانەن، كە ئەخرێنە پاڵ ناوەوە، بۆ پرسیار لەكەسێ یان شتێ. (نووری عەلی ئەمین :٢٠١٣: ١٤٤)، وەكو: پێنوسەكەی من لای كامتانە؟ (سەباح مەجید: ٢٠١٢-٢٠١٣: ٤٦)

وشەیەكی پرسە، پرسیاری ناوێك، یان جێناوێك، لەڕستەدا دەكات. (گۆران شاخەوان: ٢٠١٥: ٩٦)

نموونە: کراسێکی چۆنت کڕی؟ (چۆن: ئاوەڵناوی پرسە و تەواوکەری ناوی کراسە).

تایبەتییەکانی ئاوەڵناوی پرس:

- ئاوەڵناوی پرس مۆرفیمی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمانەن (چ، چی، چۆن، چەند، چەن، کام، کامە).
- ئەم ئاوەڵناوی پرسانە (چ، چی، چۆن، چەند، چەن، کام، کامە) دەکەونە پێش ئەو ناو و جێناوانەی، کە دەبنە دیارخراو بۆی، وەکو: چەند قەڵەم دەکڕیت؟ کام گوڵ دەچێنیت؟
- ئاوەڵناوە پرسەکانی (چی، چۆن) دەکەونە دوای ناوە دیارخراوەکە و ئامرازی پەیوەندی دەکەوێتە نێوان ناو یان جێناوەکە، لەگەڵ ئاوەڵناوە پرسەکە. وەکو: قەڵەمی چۆن دەکڕیت؟ کتێبی چی دەخوێنیتەوە؟
- ئەم ئاوەڵناوە پرسانە (چەند، چی، چۆن، کامە) دەبنە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو. وەکو: جێیەکەی من کامەیە؟ (نووری عەلی ئەمین: ٢٠١٣: ١٤٥).
- ئاوەڵناوە پرسەکانی (چەند، کام) دەبنە تەواوکەری بەیاردەی کاری ناتەواو. وەکو: کیلۆی ئەو ترێیە بەچەندە؟ (نووری عەلی ئەمین: ٢٠١٣: ١٤٥)

**4.1.2.2.2 ئاوەڵناوی نادیار**

ئەو وشەو مۆرفیمانەن، کە ئاماژە بە ناوێك یان جێناوێك دەکەن و دەبنە دەرخەری ناوەکە یان جێناوەکە، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، وەکو:

پیاوێکی تر هات بۆ جەنگ.     ئەوانەی دیکە ڕۆیشتن بۆزانکۆ.

ئاوەڵناوی نادیار ئەو جۆرە ئاوەڵناوەیە، کەوا دەلالەت لەسەر شتێکی دیاریکراو ناکا و واتای کەوتووەتە چوارچێوەی عەهدێکەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٢٩)

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە ڕاستەوخۆ دەلالەت لە شتێکی دیاریکراو ناکەن، بەڵکو واتاکەی بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە. (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو:٢٠١٣ :٥٧)

ئەو ئاوەڵناوەیە، کە ئەخرێتە پاڵ ناوەوە بۆ دیاریکردنی کەسێك، یان. شتێك بە جۆرێکی نادیار. (صادق بهاالدین ئامێدی: ١٩٨٧: ٢٩٣)

لە زمانی کوردیدا دووجۆر ئاوەڵناوی نادیار هەن کە ئەمانەن:

- ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە، وەك:(تر، کە، دی، دیکە).
- ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن.، وەکو: (وا، ئاوا، وەها، ئاوەها، ئەوها، ئاوها) (ئەورەحمانی حاجی :٢٠١٤ :١٣٧،١٢٩). جگە لەم دووجۆرەی ئاوەڵناوی نادیار، زمانەوان چەندین ئاوەڵناوی نادیاری دیکەیان دیاری کردووە، وەکو: (هەندێك، تۆزێك، زۆر، کەم، هەموو،نەختێ،فڵان) (لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زتنیاری کورد: ٢٠١١: ٧٦).

نموونە: هەندێکیان ڕۆیشتن.          هەموویان هاتن.

تایبەتییەکانی ئاوەڵناوی نادیار

- ئاوەڵناوی نادیار بەشێکە لە ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە
- ئاوەڵناوی نادیار دووبەش، کە بریتین لە ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە و ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردن. (نەریمان عەبدولا خۆشناو:٢٠١٣ :٥٧)
- ئاوەڵناوی نادیار هەموویان دەخرێنە پاڵ ناو و دەوری دیارخەر دەبینن، بەڵام هەندێکیان بەدوای دیارخراودا دێن. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٣٧،١٣٠)
- ئاوەڵناوە نادیارەکان بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ دەخرێنە پاڵ ناوە دیارخراوەکە ، یان جێناوە دیارخراوەکە ، وەکو: سێوێکی دیکە دەخۆم.
- ئاوەڵناوە نادیارەکانی دیاریکردن هەریەکەیان دەتوانن لە جێگای یەکتر بەکاربێن لە ڕستەدا، هەروەها بە هەمان شێوە ئەمە بۆ ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوەش هەر ڕاستە.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٣٠،١٣٨)

بۆ نموونە: قەڵەمێکی دیکەم بدەرێ.   قەلەمێکی ترم بدەرێ.     کتێبێکی وەهات بۆ دێنم.       کتێبێکی ئاوات بۆ دێنم.

- سەرجەم ئاوەڵناوە نادیارەکانی ئاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە بە واتای(ئەوی تر) دێن، هەروەها سەرجەم ئاوەڵناوە نادیارەکانی ئاوەڵناوی نادیاری دیاریکردنیش بە واتای(وەك ئەوە) دێن. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٣٠١٣٧)
- ئاوەڵناوە نادیارەکانی، وەکو (کە، دی) دەبنە ئەلۆمۆرفی ئاوەڵناوی نادیاری (دیکە).

- ئەم ئاوەڵناوە نادیارانە (هەندێك، تۆزێك، زۆر، کەم، هەموو، نەختێ، فلان) دەکەونە پێش ئەو ناو و جێناوانەی، کە دەریان دەخەن بەبێ ئامرازی دانەپاڵ. وەك: هەموویان هاتن.

**3.2.2 ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە**

لە زمانی کوردیدا پلە یەکێکە لە هەرە نیشانە دیار و جیاکەرەوەکانی ئاوەڵناو لە ناو و بەشە ئاخاتنەکانی دیکە، ئاوەڵناو لە ڕوی پلەوە لە زمانی کوردیدا دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر، کە زۆربەی زمانەوانە کوردەکان لەسەری کۆکن، ئەوانیش بریتین لە:

— پلەی چەسپیوو

— پلەی بەراورد

— پلەی باڵا

ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا لە ڕووی پلەوە سێ جورە: پلەی چەسپیوو، پلەی بەراورد ، پلەی باڵا. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٧٢)

ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە سێ پلەیە: پلەی چەسپیوو، پلەی بەراورد، پلەی باڵا. (یوسف شەریف سەعید :٢٠١٣: ٥٣).

**1.3.2.2 پلەی چەسپیوو**

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە وەسفی ناوێك، یان جێناوێك دەکەن و هیچ بەراوردێکی تێدا نیە، وەکو: زیرەك، هەژار، جوان، بەهێز، باڵابەرز، ڕێزێ، ...تاد).

نموونە : منداڵەکە زیرەکە. کچەکە باڵابەرز بوو. پیاوەکە بەهێزە.

ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو ، ئاوەڵناوێکی ڕووتە و هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی نییە، وەکو: (تیژ، گەرم، تاڵ، سوور، بێهێز، بەختەوەر ، سەرسپی، ...تاد)، کە دەبێتە بناغەی دروستبوونی پلەی بەراورد و پلەی باڵا. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٠)

(پلەی چەسپیوو چۆنیەتی شت دەگەیەنێت بێ ئەوەی پێویست بە بەراوردکردن بکات لەگەڵ چۆنیەتی شتی دی)). (ك.ك. کوردۆییف: ١٩٨٤ :١٠٤)

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە فەرهەنگی زماندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەن و وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکەن، وەکو: باش، خاوێن، ناشرین، ئازا. (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١ :٣٩)

لەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو هەر ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە پێشووتردا باسمان کردوون، کە وەسفی ناوێك، یان جێناوێك دەکەن و دەبنە تەواوکەری ناوەکە یان جێناوەکە، هەروەها لە فەرهەنگدا ئەم ئاوەڵناوانە هەن و هیچ بەراوردێکی تێدا ناکرێت لەگەڵ ئاوەڵناوێکی دیکە، هەروەها دەگونجێت ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو لە ڕووی فۆڕمەوە سادە، یان ناسادە بێت و هەموو ئەرکەکانی ئاوەڵناویش دەبینێت لە ڕستەدا.

نموونە: کچەکە جوانە. کورەکە بەهێزە. کوڕێکی دەستپاك هات.

**2.3.2.2 پلەی بەراورد**

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو ساز دەکرێن بە ڕێگەی مۆرفۆلۆژی و ڕێگەی لێکسیکی، کە ئەم ئاوەڵناوانە بەراوردی دوو ناو یان جێناو دەکەن لەگەڵ یەکتر کە یەکێك لەو دوو بەشەی بەراوردەکەیان تێدا دەکرێت سیفەتەکەی زاڵترە لەوەی دیکە، وەکو: ئارام زیرەکترە لە ئاسۆ. ئەوان ئازاترن لە ئێوە.

بەرهەم خێراترە لە ئێمە. ئەو لە ئازاد باڵابەرزترە.

ئەو ئاوەڵناوەیە،کە بۆ بەراورد کردن لە نێوان دوو مەوسوفدا بەکاردەهێنرێت، وەك: چنور لە ئاڵا گەورەترە. (صادق بهاالدین ئامێدی: ١٩٨٧: ٢٧٥)

(( ئاوەڵناوێکە پلەیەکی بەراوردی هەیە لە سیفەتێکدا لە نێوان دوو کەس، یان دوو شت سیفەتی یەکێکیان لەوی تر زیاترە بەهۆی نیشانەی تایبەتیەوە پێکدێ، وەك: تر: جوانتر، باشتر، خاوێنت)). (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٣٩)

لە زمانی کوردیدا بە دوو ڕێگە دەتوانین ئاوەڵناوی پلەی بەراورد ڕۆبنێین:

- ڕێگەی مۆرفۆلۆژی: کە ئەمەش بە یارمەتی نیشانەی (تر)، کە دەخرێنە سەر ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو و ساز دەکرێت، وەکو: خۆش + تر = خۆشتر جوان + تر = جوانتر.
- ڕێگەی لێکسیکی: ئەمیش بە. یارمەتی وشەکانی، وەك(پتر، زیاتر، زۆرتر، کەمتر) ساز دەبێ، وەك: زیاتر ئازایە. کەمتر ترشە. زۆرتر باریکە (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٧٦،١٧١)

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد هەمان ئاوەڵناوەکانی پلەی چەسپیوون، کە دەکرێن بە پلەی بەراورد. لە پلەی بەراورد دا بەراورد لە نێوان دوو ناو یان جێناو یان شتدا دەکرێت، کە سیفەتی یەکێکیان زاڵدەکات بەسەر ئەوی دیکەیان.ئاوەڵناوی پلەی بەراورد بەهۆی پاشگری (تر) کە دەخرێتە سەر ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو دواتر پلەی بەراوردی لێ دروست دەکرێت یان بەهۆی هەندێ وشەی، وەکو (زۆرتر،

کەمتر، زیادتر، پتر) ساز دەکرێن. وەکو: ئاشتی لە هێزۆ چالاکترە. هەردی چاکترە لە هێدی. ئاسۆ کەمتر زیرەکە.

لە زۆربەی ئەو ڕستانەی کە بەراوردی تێدا دەکرێت پێشبەندی (لە) دەخرێتە نێوان ئەو دوو وشە یان ئەو دوو شتەوە، کە بەراورد دەکرێن.

بۆ نموونە: ترێ لە سێو خۆشترە.

زانین لە نەزانین چاکترە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: ٧٧)

هەمیشە ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە پلەی بەراوردان و بەراوردی ئەو دوو وشە، یان ئەو شتانەی پێدەکرێت دەکەونە نێوان ئەو دوو وشە، یان ئەو دەستەواژەوە، یان دەکەونە کۆتایی ڕستەکەوە. وەکو: بەهار خۆشترە لە زستان. بەهار لە زستان خۆشترە.

هەمیشە پێشبەندی (لە) لەو ڕستانەی پلەی بەراوردان لە پێش ئەو ناو و وشانە دێت، کە پلەیەکی نزم یان سیفەتێکی نزمتر دەگەیەنێت، بەڵام لە هەندێك ڕستەدا پێشبەندی (لە) لەنێوان هەردوو شتە بەراوردکراوەکە نایەت بەتایبەت ئەو ڕستانەی، کە ئامرازی (یا، یان، یاخود) بەشداری لە ڕونانی ڕستەدا دەکەن.

وەکو: نەسرین جوانترە یان لانە؟ (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: ١٨٠)

**3.3.2.2 پلەی باڵا**

((ئاوەڵناوێکە پلەی سیفەتەکەی لەناو هاوچەشنەکانی خۆیدا لە وانیتر زیاترە)). (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٣٩)

((بەرزترین پلەی چۆنیەتی ئاوەڵناو دەردەبڕێ لەچاو شتانی دی)). (ك.ك. کوردۆییف: ١٩٨٤: ١٠٥)

ئەم پلەیە لە ئاوەڵناو ئەندازەی باڵای کەسێك، یان شتێك نیشان دەدات لەناو ئەو ناوانە، یان ئەو شتانەدا، کە هەموشیان لە ئاوەڵناوێکدا (سیفەتێك) هاوبەشن، وەکو:

گوڵناز جوانترین کچە لەم گوندەدا. (نووری عەلی ئەمین :2013 :١٢٤).

لەم پێناسانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئاوەڵناوی پلەی باڵا ئەو ئاوەڵناوانەن, کە بەراوردی نێوان. چەند ناوێك، یان جێناوێك دەکات، کە هەرهەموویان هەمان سیفەتیان هەیە، بەڵام یەکێکیان سیفەتەکەی لە هەموویان زیاتر و زاڵترە.

ووەکو: نالی باشترین شاعیری کوردە.

لەم ڕستەیەدا شاعیرە کوردەکان هەموویان (باشن) واتە هەموو شاعیرە کوردەکان سیفەتی (باش) یان هەیە، بەڵام (نالی) پلەی باشیەکەی لە هەموویان زیاترە.

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی پلەی باڵا بەهۆی پاشگری (ترین)، کە دەخرێتە سەر ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو دروست دەکرێت، یان بەهۆی هەندێ وشەوە دروست دەبێت.

لە زمانی کوردیدا بۆ دروست کردنی ئاوەڵناوی پلەی باڵا بەرێگەی مۆرفۆلۆژی بەم شێوەیەن:

- ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو + ترین = ئاوەڵناوی پلەی باڵا، وەك: زیرەك + ترین = زیرەکترین.
- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد + ین= ئاوەڵناوی پلەی باڵا ، وەکو: ڕەشتر + ین = ڕەشترین.

ڕێگەی لێکسیکی: بە هۆی وشەی (هەرە) دادەڕێژرێ، کە دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو ، وەك: هەرە شیرین (ك.ك. کوردۆییف: ١٩٨٤: ١٠٥)، یان بە یارمەتی وشەکانی وەکو: (لە هەموو، لە هەمووشت، لەسەرتاپایان، لە تێکرا)، کە دەخرێتە پێش ئاوەڵناوی بەراورد و ساز دەکرێن، وەکو: لە هەموو شت خراپتر دڵخاڵییە. (ئەورەحمان حاجی مارف: ٢٠١٤ :١٨٨).

نازەنین لە هەموان زیرەکترە . کامەران قوتابی هەرە زیرەکی پۆلەکەیەتی.

ئاوەڵناوی پلەی باڵا بەیارمەتی مۆرفیمی (ترین)، یان مۆرفیمی (هەرە) + ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو ، یان مۆرفیمی (لەهەمووان) + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد ڕودەنرێن. وەکو: جوانترین، هەرەسارد، لەهەموان. تاڵتر ، لە هەموان. ترشتر (یوسف شەریف :٢٠١٣: ٢٥٤).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئاوەڵناوی پلەی باڵادا ئەوەیە، کە هەرکاتێك پاشگری (ترین) بچێتە سەر هەر ئاوەڵناوێك ئەوا هیچ گۆرانکارییەك نەبەسەر (ترین) نەبەسەر وشەکەدا ناهێنێت تەنیا لەیەك باردا نەبێت ئەویش، کاتێك ئاوەڵناوەکە کۆتایی بە پیتی (د) هاتبوو ، وە پێش پیتی (د)پیتێکی بزوێن بوو ئەوا پیتی (د) دەفرتێت لە دەربڕیندا.

وەکو: زیاد + ترین = زیاترین.

**3. بەشی دووەم: دەروازەیەك بۆ ئاوەڵناو و جۆرەکانی لەزمانی. ئنگلیزیدا**

**1.3 هەندێك لایەنی ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوت**

**1.1.3 چەمك و زاراوەی ئاوەڵناو :**

چەمکی ئاوەڵناو (adjective), ئاوەڵناو وشەیەکە، کەهەندێك زانیاری سەبارەت بەناو یان جێناو دەخاتە ڕوو، ئاوەڵناو هەندێك جار پێی دەوترێ وشەی

وەسفکەر، ئاوەڵناو لەوانەیە زانیاری بدات لەبارەی چەندییەتی لەکەس یان شت وەك: (some fish, three men) یاخود لەبارەی هەستەکان یان چۆنیەتی وەك: (a happy child , a strong girl) , یاخود ئاوەڵناو وەسفی ناو بکات لەڕووی قەبارە و تەمەن و پلەی گەرمی و یاخود (قیاسات) پێوانە وەك ( an old jacket, a large envelope) هەروەها ئاوەڵناو لەوانەیە جۆری ڕەنگی ناو یان شت نیشان بدات، وەك: (dark hair ,red socks) , یان لە ڕووی نەتەوەیی وبناغە و بنچینەوە وەسفی ناو بکات وەك: (my Indian cousin), یان ئەوەتا ئاوەڵناو جێناو یان شتەکە لەڕووی پێکهاتنەوە نیشان دەدات وەك: (a cotton dress, a wooden box). (Librairie du Liban Publishers: 2000: 15) زاراوی ئاوەڵناو: (وشەیەکە بەکارهاتووە بۆپێشاندان و دیارکردن.، وشەیەکە لەزمانی. لاتینی وەرگیراوە، لەلایەن فەرەنسیە کۆنەکانەوە (adjectif) بەکارهاتووە، لەلایەن لاتینیەکان (adjectivus) وشەکە بەواتای هاویشت بۆ، یاخود دانانی شتێك لەنزیك بەکارهاتووە، لەساڵی ١٩٥٨ لەلایەن بەریتانیەکان وشەکە مەبەست لێی داماڵینی حەرامکراوە خوێناویەکان بووە). (www.etymonline.com)

**2.1.3 پێناسەی ئاوەڵناو**

لەبەرئەوەی زمانی ئنگلیزی زمانێکی ئاوەڵناوییە و پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، زۆربەی ئەو زمانەوانانەی کە پێناسەی ئاوەڵناویان کردووە، تارادەیەك لە واتا گشتییەکەدا لە یەك نزیکن، وەك چۆن لەخوارەوە خراوەتە ڕوو:

- (وشەیەکە، کە دەتوانێت بەتەنها یاخود لەگەڵ وشەی دیکەدا دەربکەوێت، بەشێوەیەك بەزیاد کردنی پێشگر بۆسەر ناو یان کردار دروست دەکرێت). (Greenbaum Sidney & Gerald Nelson: 2002: 95)
- ((adjective وشەیەکە دەخرێتە پێش ناو حاڵەت و چونیەتی ناوە هێنراوەکە ڕوون و ئاشکرا دەکات، بە مانایەکی تر وەسفێکی دیاری دەکات)). (عبدللە ابراهیم سکتانی ٢٠١١: ١٦٠).
- (وشەیەکە وەسفی ناو یان جێناو دەکات ) ( Fatima Hassan pirot: 2004:4).
- (وەسفی کەسێك یان شتێك یان ....هتد دەکات، کەناو بێت، وە زانیاریمان لەبارەی ئەمانەی خوارەوە دەداتێ

| | | |
|---|---|---|
| brave | ← | Quality --- چونیەتی |
| small | ← | Size--- قەبارە |
| old | ← | Age--- تەمەن |
| hot | ← | Temperature---گەرمی |
| round | ← | Shape--- شێوە |
| black | ← | Color --- ڕەنگ |
| Spanish | ← | Origin---بنەڕەت (بنەچە) |

(Alexander L.G: 1988: 129):

لەکۆی ئەو پێناسانە دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو ئەرکی دەرخستن و نیشاندان و وێناکردنی ناو یان جێناودەبینێت، بەجۆرێك ئاوەڵناو لەگەڵ ناو یاخود جێناو وەکو خوشك و برا بەیەکەوە دێن، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاوەڵناو و ناو یاخود جێناو دا هەیە، بەجۆرێك ئەگەر بێت و ئاوەڵناوەکە لە ناو یاخود جێناوەکە دووریش بکەوێتەوە، ئەوا هەر وەسفی ناو یاخود جێناوەکە دەکات، لەڕوانگەی جیاوازەوە. ئاوەڵناو لەزمانی ئنگلیزیدا بۆئاسان کردنی تێگەیشتن، لەبارەی شتێك یان کەسێك لەکاتی قسەکردن و گفتوگۆکردن و پێناسەکردنی شتێك یان کەسێك لە ڕووی چەندییەتی وچۆنیەتی و هتد...... بەکار دێت.

بۆنموونە کەدەوترێ خانوو (House) واتایەکی ڕوونی نییە، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوێکی بۆزیاد بکەین، وەکو خانووی گەورە (Big House) ، کەمێك زانیاری وردتر و ڕونتری دەربارەی خانووەکە خستووەتە ڕوو، کە گەورەیە لەچاو خانوەکانی دیکە، هەروەها ئەگەر ئاوەڵناوێکی دیکەی بۆ زیاد بکەین وەکو خانوویەکی سپی گەورە (Big White House) , ئەمەش وادەکات، کە زیاترو زیاتر واتای ئەو شتەی باسی لێوە دەکرێت، ڕونتر و ئاشکراتر بێت.

**3.1.3 تایبەتییەکانی ئاوەڵناو:**

ئاوەڵناو لە هەموو زمانیکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە زمانەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، زمانی ئنگلیزیش ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە :

- بەزۆری ئاوەڵناو دوو بەکار هێنانی هەیە

أ. ئاوەڵناو لە پێش ناو بەبێ بونی هیچ ئامرازێك، جا ئەگەر بەم شێوەیە بوو، دەبێتە دەرخەری ناوەکە، بەم شێوەیە. (an ugly painting)

ب. گوزارە هەر وەسفی ناو یان جێناو دەکات، بەڵام لەدوای کردارەکانی ( V. to be) دێت، بەم شێوەیە (The painting is ugly).

GREENBAUM SIDNEY & RANDOLPH QUIRK ) (1990: 120

ئاوەڵناو بەهیچ شێوەیەك ڕاستەوخۆ لەدوای کردارەوە نایەت، بەڵام ئەگەر فرمانی ڕستەکە بریتیبوو لە یەکێك لە (are, am, is, was, were, be) ئەوا ڕاستەوخۆ ئاوەڵناو دێت.

نموونە (The problem is difficult) (هێمن احمد قادر، حمە أمين عبدالرحمن: ٢٠١٦: ٣٩٣)

هەروەها ئەگەر کرداری ڕستەکە یەکێك لەم کردارانەی خوارەوەبێت ڕاستەوخۆ ئاوەڵناو دێت:

أ. کردارەکانی هەست (v. perception) ، وەکو ( feel, taste, smell)

ب. کردارەکانی پیشاندان و دەرکەوتن (v. seeming) وەکو ( look, seem)

ج. کردارەکانی گۆڕان (v. change) ، وەکو ( convert, change, become)

د. کردارەکانی مانەوە (v. remain) وەکو (keep, remain, stay)

(هێمن أحمد قادر حمە أمين عبدالرحمن: ٢٠١٦: ٣٩٣)

- زۆربەی ئاوەڵناوەکان دەتوانن ببن بەدەرخەر، بەهۆی پلەی ئاوەڵناوی وەکو (rather, quit, very....)

نموونە: I am very happy

- زۆربەی ئاوەڵناوەکان لەزمانی ئنگلیزیدا دەتوانن پلەی بەراوردو باڵایان هەبێت لە ڕووی شێوەوە ، وەکو

نموونە: that is the big car.

This car is bigger than this car.

That is the biggest car.

GREENBAUM SIDNEY & RANDOLPH QUIRK: ) .(1990:129

- زۆربەی ئاوەڵناوەکان دەتوانرێت لەناوەکانەوە دروست بکرێن، وە دەتوانرێت بناسرێنەوە بە هۆی ئەوەی کۆتاییان هاتوە بە ( ful, ic, ous, y)

(famous, beautiful, basic, sleepy): وەکو

- ئاوەڵناوی ئەرێ دەکرێت بە نەرێ بەهۆی یەکێك لەم پێشگرانەی خوارەوە

| | | |
|---|---|---|
| UN + happy | ← | دڵناخۆش |
| In +accurate | ← | نادروست |
| Im + possible | ← | ئەستەم |
| Il + legal | ← | نایاسای |
| Ir + regular | ← | نائاسایی |

(مینوو فەرزیگەر: ٢٠١٦: ١٦٨)

- ئاوەڵناو دەتوانێت ببێت بە دەرخەری ئاوەڵناوێکی دیکە بۆنموونە :

(the quick brown fox jumps over the lazy dog)

**4.1.3 پێوەر و بنەماکانی جیاکردنەوەی بەشی ئاخاوتنی ئاوەڵناو:**

کۆمەڵێك پێوەر هەن بۆ جیا کردنەوەی ئاوەڵناو لە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە، بەڵام لە سنوری توێژینەوەکەماندا باس لە سێ پێوەر دەکەین:

**1.4.1.3 پێوەری مۆرفۆلۆژی**

أ. هەرچەندە کۆمەڵێك وشە بەبێ بوونی هیچ پێشگر و پاشگرێك دەتوانن وەك ئاوەڵناو دەربکەون، بۆ نموونە. : (true, young, happy)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاوەڵناوەکان بەهۆی یەکێك لەم پاشگرانە دەناسرێنەوە:

| | | |
|---|---|---|
| suitable | → | Able |
| audible | → | Ble |
| normal | → | Al |
| editorial | → | Ial |
| crooked | → | Ed |
| hopeful | → | Ful |
| romantic- atomic | → | Ic |
| political- economical | → | Ictal |
| darkish- foolish | → | Ish |
| active- defective- affirmative | → | Ive |

Less ⟶ hopeless ⟶ harmless

Ous ⟶ famous

lous ⟶ spacious

Y ⟶ tasty ⟶ handy ⟶ mindy

(GREENBAUM SIDNEY & GERALD NELSON: 2002: 95)

ب. هەروەها (est . er) لە پلەی بەراورد و باڵاش پێوەری جیاکەرەوەی مۆرفۆلۆژین بۆ ئاوەڵناو:

نموونە بۆ (er) The children are happier now.

نموونە بۆ (est) They are happiest people I know.

(GREENBAUM SIDNEY & RANDOLPH QUIRK: 1990: 129)

ج. ئاوەڵناوی ئەرێ دەکرێت بە نەرێ، بەهۆی یەکێك لەم پێشگرانەی خوارەوە:

Un + happy ⟶ unhappy ⟶ دڵناخۆش

In + accurate ⟶ inaccurate ⟶ نادروست

Im + possible ⟶ impossible ⟶ ئەستەم

Il + legal ⟶ illegal ⟶ نایاسایی

Ir + regular ⟶ irregular ⟶ نائاسایی

(ئازاد حەمە شەریف و ڕەوەند عەبدولقادر دەروێش ٢٠٠١: ١١٣)

### 2.4.1.3 پێوەری سینتاکسی

ئاوەڵناو کۆمەڵێك ئەرکی سینتاکسی دەبینێت لە هەموو زمانێکدا، لە زمانی ئینلیزیشدا بە پێی بۆچوونی زمانەوانە ئینگلیزیەکان یان ئەو سەرچاوانەی بەردەستن، ئەم ئەرکانە دەبینێت، کە خراونەتە ڕوو یان باسکراون لە خوارەوە:

أ. ئاوەڵناو لە پێش ناو دێت و دەبێتە دەرخەری ئەو ناوە.

وەك(rich man, new car, soft answer, beautiful flower)

نموونە .John is rich man (Raymond murphy: 2012: 200)

ئاوەڵناو دوای ئاوەڵکار دێت، وەك ( terribly sorry, reasonably cheap)

نموونە This car is (Raymond murphy: 2012: 200) reasonably cheap.

ئاوەڵناو لە دوای (v.to be) دێت: وەکو: She is sad, He is clever

(هیمن احمد قادر، حمە امین عبدالرحمن ٢٠١٦: ٣٩)

ب. ئاوەڵناو ڕاستەوخۆ دوای (linking V.) دێت، ئەمە پێوەرێکی گرنگە، چونکە بە هیچ شێوەیەك ئاوەڵکار نایەت، تەنها ئاوەڵناو دێت. ئەمانەی خوارێ هەندێ (linking V.) ن

Become ⟶ she has become beautiful.

Appear ⟶ he appears suspicious.

Look ⟶ she looks angry.

Smell ⟶ it smells nice.

Taste

Get

( Jane Schwartz: 2003: 79 )

ج. ئاوەڵناو لە دوای ئەمانەش دێت:(too, so, how, as)

As ⟶ she is as beautiful girl.

How ⟶ how beautiful she is.

So ⟶ she is so beautiful.

Too ⟶ she is too young.

(SwanMichael: 2005: 10)

د. تەواوکەری بکەر(subject complement) :

نموونە. :The ride was comfortable (predicative)

هـ. تەواوکەری شتێك کە باس کرابێت(object complement) :

نموونە: (predicative) I made the bed comfortable.

(GREENBAUM SIDNEY & GERALD NELSON: 2002: 95)

### 3.4.1.3 پێوەری واتایی

پێوەری واتایی بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناو لە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە بریتیە لە دەرخستنی ناو یاخود وەسفکردن و وێناکردنی ناو یان جێناو یان شتێك، زمانەوانان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر جۆرەکانی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە، جۆن و هاورێکانی پێیان وایە ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە ئەمانە دەگرێتەوە:

-Dimension ⟶ big, small, wide

-Physical property ⟶ hard, soft

-Color ⟶ black, white

-Age ⟶ new, young, old

- Value ⟶ good, bad

-Speed ⟶ fast, slow

-Nationality ⟶ British, Kurdish

- Similarity ⟶ other, different

-Ordinal ⟶ first, last, next

-Justification ⟶ right, wrong, fair

-Human propensity ⟶ sorry, sure, able

-Domain ⟶ local, general, national

- Primacy ⟶ only, Main, spatial

-Quantification ⟶ whole

-Expletive ⟶ bloody

-Position ⟶ high

-Difficulty ⟶ easy, hard

-Epistemic ⟶ true, clear, possible

(John Payne, Rodney Huddleston & Geoffrey K. Pullum: 2010:68)

بەڵام پێرنیلا پێی وایە ئاوەڵناو لەڕویی واتاوە ئەمانە دەگرێتەوە:

- Dimension -> big, small, wide

-physical property -> hard, soft

- Color ->black, white

- Age -> new, young and old

- Value -> good, bad

- Speed ->fast, slow

- Human propensity -> sorry, sure, able

(Pernilla Hallonsten: 2009:18)

بەڵام زمانەوانێکی دیکە وەك (Eastwood) ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە بۆ یانزە جۆر دابەشکردووە کە (purpose, type, material, origin forms participle, color, shape, age quality, size opinion.)

(Eastwood John: 1994: 256)

**5.1.3 پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی دیکەدا (تێکەڵبوون و پۆلگۆڕین دەگرێتەوە)**

**1.5.1.3 پێکداچوونی پۆلە وشەکان**

دیاردەی پێکداچوونی پۆلە وشەکان: بریتیە لەوەی وشەیەك لەیەك کاتدا بتوانێت سەر بەدوو یان زیاتر لە پۆلی فەرهەنگی و سینتاکیەکاندا بێت، ئەم دیاردەیە بەڕای زمانەوانان دیاردەیەکی گشتییە، لە هەموو یان زۆربەی زمانەکانی جیهان دەبینرێت. زمانی ئینگلیزیش یەکێکە لەو زمانانەی ئەم دیاردەیە تێیدا ڕوو دەدات وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**2.5.1.3 پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ کردار**

پێکداچوون دەکرێت بەهۆی تێکەڵبوونەوە بێت، بەم شێوەیە:

لە زمانی ئینگلیزیدا کردارەکانی وەك (Open, Fast) : ڕۆنانەکەیان لەسەر ڕێژەی کردارە بەڵام لەم دوو ڕستەیەدا وەك ئاوەڵناو ڕەفتار دەکەن:

He left the door open. ⟶ adj

He made the machine fast. ⟶ adj

(Fatma Hassan pirot: 2004: 8)

هەروەها پێکداچوون دەکرێت بەهۆی پۆل گۆڕینەوە بێت، واتە کردارەکە بەزیاد کردنی زیادەیەك پۆلەکەی دەگۆڕێت، بۆ ئاوەڵناو بەم شێوەیە ( Enjoy + able : ⟶ enjoyable)

(GREENBAUM SIDNEY & RANDOLPH QUIRK: 1990: 130-136)

**3.5.1.3 پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ ناو**

پێکداچوون دەکرێت بەهۆی تێکەڵبوونەوە بێت، بەم شێوەیە:

هەندێ وشە هەن، دەتوانن وەك ناو و ئاوەڵناویش دەربکەون، بەجۆرێك ئەگەر نیشانەی کۆکردنەوە وەربگرن و هیچ پێشگر و پاشگری پلەی بەراورد و باڵایان نەچێتە سەر، وەك ناو دەردەکەون، بەڵام ئەگەر (more, most) یان (er, est) لە پێشیانەوە بێت، ئەوکات وەك ئاوەڵناو دەردەکەون.

نموونە:

He is more criminal than hammad. ⟶ adj

Three criminals have been seen. ⟶ N

(Fatima hassan pirot: 2004: 10)

هەروەها پێکداچوون دەکرێت، بەهۆی پۆل گۆرینەوە بێت، بەزیادکردنی زیادەیەك، جا ئەو زیادەیە پێشگر یان پاشگر بێت، بەم شێوەیە (Truth + ful (Truth) truthful ⟶ ناوە و بەزیادکردنی (ful) پۆلەکەی گۆڕیوە و بووە بە ئاوەڵناو.

(Fatima Hassan pirot: 2004: 17)

٤-٥-١/٢ پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ ئاوەلکار:

هەروەها هەندێك وشە وەك ئاوەڵناو و ئاوەلکاریش بەکار دێن، بەبێ ئەوەی، هیچ گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژی ڕوبدات، تەنها بەچۆنیەتی بەکارهێنانی لەناو ڕستەدا، دەتوانین جورەکەیان دیاری بکەین.

بۆ نموونە ئەم وشانە هەم ئاوەڵناو و هەم ئاوەلکاریشن (early, far, near, high, law, hard, fast, well, staright, late.)

(عبدالله إبراهيم سكتانى ٢٠١١: ١٨٧-١٩٠ ).

١.نموونە بۆ ئاوەلکار This train goes fast. :

٢.نموونە بۆ ئاوەڵناو This is a fast train. :

(GREENBAUM SIDNEY & RANDOLPH QUIRK: 1990: 130-136)

هەرچەندە (ly) نیشانەی جیاکەرەوەی ئاوەلکارە، بەڵام هەندێك ئاوەڵناو کۆتای بە (ly) هاتووە وەك:

(deadly, lovely, friendly, etc) هەروەها هەندێك وشە هەن، ئاوەڵناو و ئاوەلکاریشن، تەنها لەرستەدا جیادەکرێنەوە، بەم شێوەیە:

Bob gets up early (1) to get an early (2) taxi.

Early (1) ⟶ adv

Early (2) ⟶ adj

(Fatma Hassan pirot: 2004: 10.)

هەندێك جار پێکداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ ئاوەلکار بەهۆی پۆلگۆرینەوە دەبێت بەم شێوەیە:

بەزیادکردنی (ly) بۆ سەر وەشەکە، پۆلەکە لە ئاوەڵناوە دەگۆرێت بۆ ئاوەلکار، وەك:

Fortunate + ly ⟶ fortunately

(عبدالله هبراهيم سكتانى ٢٠١١: ١٧٨). (Fatma Hassan pirot: 2004: 19).

### 2.3 پۆلێنکردن و تایبەتییەکانی جۆرەکانی ئاوەڵناو

#### 1.2.3 لەڕووی پێکهاتەوە

ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتەوە دوو جورە : (سادە، نسادە)

#### 1.1.2.3 ئاوەڵناوی سادە: (simple)

ئەو جورە ئاوەڵناوەیە کەلەخودی وشەکەدا سیفەتێك نیشان دەدات. لەڕووی شێوەشەوە وشەیەکی جیاکراوەیە و بەتەنیاش دێت)، وەکو (happy, old, good)

#### 2.1.2.3 ئاوەڵناوی نسادە

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە دەکرێت بەدوو بەش

#### 1.2.1.2.3 ئاوەڵناوی دارێژراو: (Affixation)

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە لە وشەیەکی سادە و پێشگرێك یان پاشگرێك یاخود هەردوکیان پێك دێت، یان ئەوەتا (ئەو ئاوەڵناوەیە کە دەناسرێتەوە، بەوەی پێك دێت لە یەك ڕەگ و زیادەیەك، ئەو زیادەش یان پێشگرە یان پاشگر)

-Diss + like ⟶ dislike

-Child + dish ⟶ childish

-Noun (N) + Y ⟶ fogy

-N + ly ⟶ daily

-N + ing ⟶ boring

-N + less ⟶ aimless. لیرەدا واتاکەی پێچەوانە دەکاتەوە

-N + en ⟶ wooden

-N + ous ⟶ famous

-N + ic ⟶ atomic

-N + al ⟶ national

-N + cal ⟶ historical

-N + an ⟶ republican

-N + ful ⟶ faithful

-Verb (V) + able ⟶ usable

- V + ible ⟶ responsible

کەمێك لە ئاوەڵناو هەمان شێوەی (base) هەیە وەکو(complete) .

(Najat)، (هێمن احمد قادر، حمە أمین عبدالرحمن ٢٠١٦: ٣٨٣ – ٣٩٠ ) muhamad Ameen: 2009:51)

**2.2.1.2.3 ئاوەڵناوی ئاوێتە(compound)**

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێك دێت، یان ئەوەتا (ئەو ئاوەڵناوەیە کە بەگشتی لە دوو ڕەگی وشە پێك دێت).

–Adjective (A) + Adjective (A) ⟶ electro-mechanical

- Object + ing participles: self-balancing

-N + ed participles: battery- powered

-A/Adv + ed participles: well-known

-A/Adv + ing participles: good reflecting

( Najat muhamad Ameen 2009:51)

**2.2.3 لەڕووی واتاوە**

**1.2.2.3 گرنکترین جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاو تایبەتییەکانیانەوە**

بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا حەوت جۆر ئاوەڵناو بوونیان هەیە، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

- ئاوەڵاوی چۆنیەتی(Descriptive adjective)
- ئاوەڵناوی تایبەتی (proper adjective)
- ئاوەڵناوی ژمارە و بڕ (adjective of quantity or number)
- ئاوەڵناوی نیشانە(Demonstrative adjective)
- ئاوەڵناوی خاوەنداریەتی(possessive adjective)
- ئاوەڵناوی نادیار(Distributive adjective)
- ئاوەڵناوی پرس (Interrogative adjective)

(مشیل شگمجیان ٢٠٠٥: ١٧١-١٧٢)

بەڵام لە چوارچێوەی سنوری توێژینەوەکەماندا تەنها باسی چوار جۆر ئاوەڵناو دەکەین کە ئەمانەن:

**1.2.2.3 ئاوەڵاوی چۆنیەتی:(Descriptive adjective)**

ئاوەڵناوی چۆنیەتی وەسفی کەسێك یان شتێك یان شوێنیِك دەکات، لەڕووی چۆنیەتییەوە.

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ناو یان جێناوەکان، وشەکانی وەك: (tall, silly, beautiful) ئاوەڵناوی چۆنیەتین. وە زانیاری زیاتر دەربارەی وشەکانی باسیان لێوە دەکان دەخاتە ڕوو)، لە ڕستەی The flowers have a smell تەنها باسی گوڵێك کراوە، کە بۆنی هەیە، بەڵام هیچ ئاوەڵناوێکی تێدا بەکار نەهاتووە، کە وەسفی گوڵەکە بکات، بەڵام کەدەوترێ the beautiful flowers haave a nice smell لەم ڕستەیەدا زانیاری زیاتری دەربارەی گوڵەکە خستۆتە ڕوو لە بەر ئەوەی دوو ئاوەڵناو تێدا بەشداری کردووە (nice, beautiful)

**2.2.2.3 ئاوەڵناوی نیشانە:(Demonstrative adjective)**

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە پێمان دەڵێت، کە چ کەسێك یان چ شتێکمان مەبەستە و بە ئاماژە کردن، بۆ ئەو شتە یان ئەو کەسە جیادەکرێتەوە، یان دیاری دەکرێت، لە ناو کۆمەڵەشتێك یان کۆمەڵە کەسێکدا، ئەم جۆرە ئاوەڵناوە ئەمانە دەگرێتەوە :

(This)بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن، بە شتێك یان کەسێك، کە تاك بێت، کە نێزیك بێت.

(That) بەکاردێت، بۆ ئاماژە کردن، بۆ ناوێکی تاکی دوور لەتۆ.

(These) بەکاردێت، بۆ ئاماژە کردن، بە ناوێکی کۆی نێزیك.

(Those) بەکاردێت، بۆ ئاماژە کردن، بە ناوێکی کۆی دوور.

**3.2.2.3 ئاوەڵناوی پرس:(interrogative adjective)**

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە بۆ پرسیارکردن یان زانین یا ئەوەتا بۆ زانیاری وەرگرتن لە بارەی شتێك یان کەسێك بەرکاردێت، پرسیارکندن مانای وایە، کە ئەوان پرسیار دەکەن، وە ئاوەڵناوی پرس هەمیشە ناو یان جێناویان لە دواوەوە دێت، هەروەها بە شێوەی پرسیاری بەکاردێت، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

(which) بۆ پرسیارکردن دەربارەی هەلبژاردنی شتێك، لە نێوان چەند هەڵبژاردەیەکدا.

Which song will you play on your wedding day?

(what) بەکاردێت، بۆ پرسیارکردن دەبارەی شتێك بە گشتی، نموونە:

What pet do you get?

(whose) بۆ پرسیارکردن دەربارەی خاوەنداریە یا شتێك

Whose child is this?

**4.2.2.3 ئاوەڵناوی نەدیار:(Distrubtive adjective)**

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە ڕێژەی جیاوازی یاخۆد تایبەتی شتێك یان کەسێك لە نێو کۆمەڵە شتێکدا یان کۆمەڵە کەسێکدا نیشان دەدات. کەواتە ئاوەلناوی نەدیار واتە دیار کردنی ئەندامە تایبەتیەکانی گروپێك یان تاقمێك.

ئاوەڵناوی نەدیار (Distrubtive adjective) ئەو جۆرە ئاوڵناوەکە ڕێژەی جیاوازی یاخود تایبەتی شتێك یان کەسێك لە نێو کۆمەڵە شتێکدا یان کۆمەڵە کەسێکدا نیشان دەدات، وەك لەم پێناسەیە خراوەتەروو (ئاوەلناوی نادیار واتە دیارکردنی ئەندامە تایبەتەکانی دەرەوەی تاقمێك یان گرۆپێك یان کۆمەلێك هەروەها بەکاردێت، بۆ دیارکردنی ئەوشتەی یان ئەوکەسەی لە نێوان کۆمەلێك شت یاخود کۆمەلێك کەسدا تاك بێت یان جیا بێت).

ئەم وشانە ئاوەڵناوی نادیارن:

- Each-هەموو تاکێك لە گروپێکدا (بەکاردێت، بۆ قسەکردن دەربارەی ئەندامەکانی گروپێك).
- Every-هەموو تاکێك لە گروپێکدا (بەکاردێت، بۆ گشتاندن).
- Either-هەڵبژاردنی دانەیەك لە نێوان دوو هەڵبژاردەدا.
- Neither-هیچ کامێك لە نێوان دوو هەڵبژاردەدا.

یەکێك یان چەند یەکێك لە نێوان ژمارەیەك هەڵبژاردە، ئەمە کاتێك بەکاردێت، کە هەڵبژاردنە کە ناپەیوەست بێت،

نموونە it doesn't matter I will take any of them

**3.2.3 ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە**

ئاوەڵناو لەڕووی پلەوە لەهەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەست بوون، لەکاتی توێژینەکەمان دا جیاکراوەتەوە، بۆ سێ بەش، ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو، ئەو ئاوەڵناوەیە کە هیچ جیاوازی نابێت، یەك بڕگەیی بێت یان دوو بڕگەیی بێت یان زیاتر وەسفی ناو یان جێناو دەکات، وە هەروەها ئاوەڵناوێکی ڕووتە و هیچ پێشگر یان پاشگری جیاکەرەوەی نیە، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوی پلەی بەروارد بوو، ئاوەڵناوەکە بەراوردی دوو ناو یان دوو شت دەکات وشەی (than) دەکەوێتە پێش ناوی دووەم، هەروەها ناوی یەکەم مۆرفینی (er) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە دوو بڕگەیی یان زیاتر بوو (more) لەجیاتی (er) دێت، وە ئەگەر ئاوەڵناو لە پلەی باڵا دا بوو، بەراوردی شتێك یان کەسێك بە کۆمەڵێك شت یان کۆمەڵێك کەس دەکات و ئاوەڵناوەکە مۆرفینی ((est وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە دوو بڕگەیی یان زیاتر بوو، وشەی ((most لە پێش ناوەکە دا دادەنرێت، کە وەسفی دەکات، ئەوەندەش هەیە لە هەردوو پلەی بەراورد و باڵادا حاڵەتی شاز دەبینرێت.

**1.3.2.3 پلەی چەسپووی: Positive Degree**

ئەو جۆرە ئاوەڵناوانەن، کە بەبێ بەراورد لەگەڵ ناوی تردا بەکار دەهێنرێت، واتە وەسفی ناوێکی تاك یان کۆ دەکات:

(nice, big. Happy)

نموونە : Happy man, Big cars.

(حسن محمود محمدی ٢٠٠٩: ٧٨)

**2.3.2.3 پلەی بەراورد: Comparative Degree**

هەر کاتێك بمانەوێت پلەی سیفەتێك لەنێوان دوو کەس یان دوو شتدا بەراورد بکەین، ئاوەڵناوی پلەی بەراورد بەکاردێنین، وە پاشگری (er) بۆ سەر ئاوەڵناوەکە زیاد دەکەین و پاشان وشەی (than) دادەنێین :(وەکو:

Cold ⟶ colder ⟶ today is colder than yesterday

(حسن محمود محمدی ٢٠٠٩: ٧٨).

ئەو ئاوەڵناوانەی کە دوو بڕگە یان زیاترن، لەبری پاشگری (er) لەکاتی گۆڕینیان، بۆ پلەی بەراورد، پێشگری (more) دادەنێین(، وەکو ( beautiful ⟶ more beautiful

This cat is more beautiful than that cat.

(حسن محمود محمدی ٢٠٠٩: ٧٨

**3.3.2.3 پلەی باڵا: Superlative Degree**

ئەو ئاوەڵناوەیە، کە بە زیادکردنی (est) پلەی باڵا دروست دەبێت، پاشان ئامرازی (the) لە پێش ئاوەڵناوەکە دادەنێین، وەکو

cheap + est ⟶ cheapest

This is the cheapest car in the market.

(حسن محمود محمدی ٢٠٠٩: ٧٩)

ئەگەر ئاوەڵناوەکە لە دوو برگە یان زیاتر بوو، لەکاتی گۆڕینی بۆ پلەی باڵا، لەبری پاشگری (est) پێشگری ((most لەپێش ئاوەڵناوە ئاساییەکە دادەنێین، پاشان ئامرازی (the) لە پێش (most) دادەنێین.

وەکو

: This is the most useful book. (حسن محمود محمدی ٢٠٠٩: ٨٠)

چەند خاڵێکی گرنگ لەبارەی دروست کردنی ئاوەڵناوی پلەدار و پلەی باڵا:

- ئەگەر ئاوەڵناوە سادەکە کۆتای بە (e) هات، بۆ پلەی بەراورد (r) پلەی باڵاش (st) زیاد دەکەین، وەکو:

Large ⟶ larger ⟶ largest (مینوو فەرزیگەر ٢٠١٦:١٣٣)

- ئەگەر ئاوەڵناوە سادەکە کۆتایی بە (y) هات ئەوا لە کاتی گۆڕینی بۆ پلەی بەراورد و باڵا، (y) دەکەینە (I) و (er,est) بۆ زیاد دەکەین، وەکو:

Happy ⟶ happier ⟶ happiest ( عبدالله إبراهيم سكتاني ٢٠١١: ١٦٨)

بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە کۆتایی هاتبوو، بە (y) وە لە پێش (y) پیتێکی بزوێن هەبێت، گۆڕانی بەسەردا نایەت، وەکو:

Coy ⟶ coyer ⟶ coyest

- ئەگەر ئاوەڵناوەکە دوو برگە بوو و بەم پاشگرانە (ful, ic, ous, re)کۆتایی هاتبوو، (more,most)وەردەگرن، وەکو:

Most useful, More useful (عبدالله إبراهيم سكتاني: ٢٠١١: ١٦٩)

- هەندێ ئاوەڵناوی دوو بڕگەیی تر هەردوو دەستورەکە وەردەگرن، بێ جیاوازی، وەکو:

Handsome ⟶ handsomer ⟶ handsomest

(Anneseaton. Y.H.Mew 2007: 65-58) More handsome ⟶ most handsome

- ئەگەر ئاوەڵناوی یەك برگەیی کۆتایی هاتبوو، بە پیتێکی نەبزوێن و پێش پیتە نەبزوێنەکە پیتێکی بزوێن بوو، لەکاتی زیاد کردنی(er,est) پیتە نەبزوێنەکە دەبڵ دەبێت، وەکو:

Big ⟶ bigger ⟶ biggest

Fat ⟶ fatter ⟶ fattest (Jennifer seidl: 2004: 24)

- هەندێك ئاوەڵناو ڕاستەوخۆ لە پلەی باڵادان(superlative degree) :

: (brilliant, disastrous, traffic, minute, huge, excellent)وەکو

(Dlnya Muhamad Ahmmad: 2005: 56)

- ئەو ئاوەڵناوانەی بۆ هیچ یاسایەك ژێر بار نین، وەکو:

Well / good ⟶ better ⟶ best

bad ⟶ worse ⟶ worst

far ⟶ farther/further ⟶ farthest/furthest

little ⟶ less ⟶ least

mach ⟶ more ⟶ most

(Sumaya Rasul Haji & Kaifan Ahmad Omer& Rozhgar Hussein Hasan 2017 : 5)

(Anneseaton. Y.H.Mew 2007: 65-68)

هەروەها هەندێك ئاوەڵناو هەن، پلەی بەراورد و باڵا وەرناگرن، وەکو ئاوەڵناوە نادیارەکان (each یان نیشانەکان، وەك (this-that) هتد، هەروەها ئاوەڵناوی ژمارەیی دیارینەکراو، وەك (any, half, several) هتد، هەروەها هەندێك ئاوەڵناوی چۆنیەتیش پلەی بەراوردو باڵا وەرناگرن، وەك (square, left, right) :

(مینوو فەرزیگەر ٢٠١٦: ١٣١)

**4. بەشی سێیەم: بەراوردی ئاوەڵناو لە هەردوو زماندا**

**1.4 وەك بەشە ئاخاوتن**

**1.1.4 لەڕووی چەمك و زاراوەوە:**

ئاوەڵناو لەڕووی چەمکەوە لەزمانی کوردی و ئینگلیزیدا تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکدییەوە نزیکن، چونکە ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا زانیاری سەبارەت بە ناو، یا خود جێناو دەخاتە ڕوو، بە واتایەکی دیکە وەسفی ناو، یاخود جێناو دەکات، لەڕووی (بارستایی، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی تایبەتی کەسی، تەمەن، بەها).

لەڕووی زاراوەوە ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا جیاوازن، لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە و لە هیچ زمانێك وەرنەگیراوە، هەرچەندە زاراوەی تریشیان بۆ بەکارهێناوە، وەك (صفە، ناونیشانە، پەسن ... هتد)، هەروەها ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە لە (ئاوەڵ + ناو)

پێکهاتووە، کە بە واتای هاوڕێ و هاوەڵی ناو دێت، بەڵام ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی ڕەسەنی ئینگلیزی نییە و لە زمانی لاتینی وەرگیراوە، کە لە لایەن فەرەنسیە کۆنەکانەوە زاراوەکە (adjectife) بووە، هەروەها لەلایەن لاتینییەکانەوە زاراوەی (adjectivus) بەکار هاتووە، کە وشەکە بە واتای (هاویشت بۆ)، یاخود (دانانی شتێك لە نزیك) بەکار هاتووە، دواتر زاراوەکە هاتووە ناو زمانی ئینگیلیییەوە، مەبەست لێی داماڵینی (حەرام کراوە خوێناوییەکان بووە)، دواتر زاراوەکە وەك زاراوەیەکی زمانەوانی جێگەی خۆی کردووەتەوە، لە ناو زمانی ئینگلیزیدا(Dlnya Muhamad Ahmmad: 2005: 56)

**2.1.4 لەڕووی پێناسەکردنەوە**

لەڕووی پێناسەکردنەوە بە تەواوەتی لە یەك دەچن، یان دەتوانین بڵێین هەمان پێناسەیان هەیە. لەبەر ئەوەی لە هەردوو زمانەکەدا ئاوەڵناو ئەرکی پێدانی زانیارییە، یاخود وێناکردنی ناو، یان جێناو وەك لەم پێناسانەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

((بەشێکی ئاخاوتنە شێوە و جۆری شت پێشان دەدات وە بەکاتەوە نەبەستراوەتەوە، مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکانی خۆی بە ئاوەڵناو دەردەبرێت، کە وەسفی بارودۆخ و کەس و شت دەکات، مرۆڤ لە ڕێگایانەوە هەست و هەڵویستی خۆی پێ دەردەبرێ)). (عبدوالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٧٣).

وشەیەکە دەخرێتە پێش ناو وە حاڵەت و چۆنیەتی ناو هێنراوەکە adjective)) عبدالله إبراهیم ) .((ڕوون و ئاشکرا دەکات، بە مانایەکی تر وەسفێکی دیاری دەکا (سکتانی: ٢٠١١: ١٦٠.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەردوو پێناسە دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لێکدەچن وەسفی ناو، یاخود جێناو دەکەن.

**3.1.4 لە ڕووی تایبەتییەکانەوە**

ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لەم ڕووانە لە یەکتری دەچن:

- ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا دەبێتە دەرخەری ناو یاخود جێناو واتە وەسفی ناو، یاخود جێناو دەکات، وەکو: گوڵێکی جوانم چاند.

ئاوەڵناو دەبێتە تەواو کەری ناو و ڕاناو. (ڕەفیق شوانی: ٣٨:٢٠١١).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بەهەمان شێوە ئاوەڵناو دەبێتە دەرخەری ناو، یان جێناو، وەکو:

(Geenbaum Sidney Randolph quirk: 1990: 190) (an ugly painting)

- ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا لەگەڵ کاری ناتەواودا دێت و دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو، وەکو: نەسرین کچێکی جوانە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ٢٠١٤: ١١٤)ا.

لەم ڕستەیەدا (جوان) ئاوەڵناوە و بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواو، کەواتە ئاوەڵناو دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو. (نەریمان عەبدوڵلا خوشناو ٢٠١٣: ٦٤).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری ناتەواو دێت، وەك کردارەکانی

(be, were, was, is, are)(she is angry).( هێمن احمد قادر، حمە (امین عبدالرحمن ٢٠١٦: ٣٩٣).

ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لە ڕووانە لە یەکتری جیاوازن:

- لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی کاتێك ئاوەڵناو دەبێتە دەرخەری ناو، یان جێناو، ئەوا دەکەوێتە دوای ناو یان جێناوە وەسفکراوەکە بە یارمەتی یەکێك لە **نیشانەکانی خستنەئاڵ**، وەکو: کچێکی جوانی خواست. (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٧٤).

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوەکە دەکەوێتە پێش ئەو ناوە یان جێناوەی، کە وەسفی دەکات، بەبێ یارمەتی هیچ ئامرازێك وەکو she is a : beautiful girl.

(swan micheal: 2005: 10)

- لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو لە پێش کارە ناتەواوەکە دێت، نمونە: ئەو ئازایە. (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٢٤).

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوەکە دەکەوێتە دوای کردارە ناتەواوەکە. نموونە:

the problem is difficult. (هێمن احمد قادر: ٢٠١٦: ٣٩٣).

هەروەها لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو جێناو وەردەگرێت لە ڕستەدا، وەك کچێکی جوانی خواست. (عەبدولواحید موشیر دزەیی 2013: ٧٤)

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناو لە کاتی بەکارهێنان لە ڕستەدا جێناو وەرناگرێت،وەکو:

The problem is difficult. (هێمن احمد قادر ٢٠١٦: ٣٩٣)

**4.1.3 لە ڕووی پێوەر و بنەماکانی جیاکردنەوە**

**1.4.1.3 پێوەری مۆرفۆلۆژی**

لە هەردوو زماندا لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ئاوەڵناو لە یەکتر دەچن.

- لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا کۆمەڵێك وشە هەن بەبێ بوونی پێشگر یاخو پاشگر دەتوانن وەك ئاوەڵناو دەربکەون، نموونە لە زمانی کوردیدا وەکە: (تاریك، شین، زیرەك، نەرم، ڕاست ... هتر)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا وەکو.(true,young,happy) :

- یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی جیاکردنەوەی ئاوەڵناو، لە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە بریتییە لە بوونی پلەی (بەراورد و باڵا)، لە هەردوو زمانەکەدا کە هەر یەکە مۆرفیمی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە زمانی کوردیدا (تر، ترین)ە وەکو: زانین لە نەزانین چاکترە. (ئاوڕەحمانی حاجی مارف 2014: ٧٧)ج .

گوڵناز جوانترین کچە لە گوندەکەدا. (نوری علی امین: 2013: ١٢٤).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا(er.est)

وەکو. the children are happier now.

They are happiest people I know.

(Greenbaum Sidney & Randolph quirk: 1990 : 129).

- لەڕووی نەرێکردنەوە ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا بە پێشگر نەرێ دەکرێت، لە زمانی کوردیدا بەشێکی زۆرێ ئاوەڵناوەکان بە پێشگرەکانی (نە، نا، بێ) دەتوانرێت نەرێ بکرێن،

وەکو: بەهێز X بێ هێز. (ئەڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٤١)ا.

ڕێك X ناڕێك، خۆشXناخۆش، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا کۆمەڵێك پێشگر هەن، کە ئاوەڵناو لە ئەرێوە دەگۆڕن بۆ نەرێ، پێشگرەکانیش ئەمانەن.(ir, il, im, in, un) :

Happy X unhappy, accurate X inaccurate, possible X impossible, legal X illegal, regular X irregular.

(ئازاد حمە شەریف، ڕەوەندعبدالقادرەروێش: ٢٠٠١: ١١٣).

ئاوەڵناو ل هەردوو زمانەکەدا لەم ڕووەوە لە یەکدی جیاوازن:

ئەو مۆرفیمانەی کە ئاوەڵناو نەرێ دەکەن لە زمانی کوردیدا تایبەت نین بە ئاوەڵناو، بەڵکو هەندێکییان کرداریش نەرێ دەکەن، وەکو: دەچێت X ناچێت، مرد X نەمرد.

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو مۆرفیمانەی کە ئاوەلناو نەرێ دەکەن تایبەتن بە ئاوەڵناو.

**2.4.1.3 پێوەری سینتاکسی**

لە ڕووی سینتاکسەوە ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لەچەند ئەرکێکدا لە یەکتری دەچن:

**1.2.4.1.3 گوزارە**

ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا دەبێت بە گوزارە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: ١٠٩)

وەکو: ئەم کچە چەند جوانە. (کوردستان موکریانی 2017: ١٠٩)

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا ئاوەڵناو دەتوانێت ئەرکی گوزارە (predicative) ببینێت وەکو :

His life has been interesting.

(Celce – Murcia, M and Larsen-freeman – D: 1999: 385)

**2.2.4.1.3 دیارخەری ناو و جێناو**

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو و جێناو، وەکو

کوڕە چالاکەکە گەیشت. (گۆران شاخەوان ٢٠١٥: ٩٤)

ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون. (نەریمان عەبدوڵلا خوشناو: 2013: ٦٤).

هەروەها لەزمانی ئینگلیزیشدا ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو و جێناو: وەکو:

I bought a new car. (Raymond Murphy: 2012: 200)

**3.2.4.1.3 تەواوکەری کاری ناتەواو**

لە زمانی کوردیدا ئاوەلناو دەبێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو، وەکو:

کچێکی زۆر جوان و زیرەکە. (یوسف نوری محەمەد ئەمین ٢٠١٥: ١٥١).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا ئاوەڵناو دەبێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو، وەکو:

He is clever. (هێمن احمد قادر: ٢٠١٦: ٣٩٣)

هەرکاتێك لە زمانی کوردیدا باسی (ڕەنگ، تام، بۆن، ڕوخسار، قەبارە، دووری، بر .....هتد) کرا ئەوا ڕاستەوخۆ ئاوەڵناو دێت، بۆ نموونە: (هەنارەکە تامی ترشە). (کۆترەکە ڕەنگی سپییە)، هەروەها ئەم دیاردەیە لەزمانی ئینگلیزیشدا بەدی

دەكرێت كە ئاوەڵناو هەمیشە بەدوای ئەم وشانەدا دێت ,became, appear,

look, smell, taste, getكە پێیان دەوترێت

it smells nice. , she looks angry وەكو Linking.V)

(Jane Schwartz: 2003: 79)

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا ئاوەلناو لە دوای ئەم مۆرفیمانەوە دێت لە ڕستەدا

she is so beautifulبۆ نموونە ، (too, so, how, as)

(Swan Micheal: 2005: 10).

ئاوەڵناو لە زمانی كوردی و ئینگلیزیدا جیاوازن لەم ڕووانەوە :

- لە زمانی كوردیدا ئاوەڵناو دەبێتە نیهاد، وەكو: تێر ئاگای لە برسی نییە.

(كوردستان موكریانی و محەمەد مەعرووف فەتاح: ١٩٨٣: ٤٢).

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناو هەرگیز نابێتە نیهاد.

- لە زمانی كوردیدا ئاوەڵناو دەكەوێتە پێش ئاوەلكارەوە، وەكو: پیاوەكە زۆر بەپەلە هات.

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دەگونجێت ئاوەڵناو بكەوێتە دوای ئاوەلكارەوە، بۆ نموونە:

This car is reasonably cheap. (Raymond Murphy: 2012: 200)

**3.4.1.3 پێوەری واتایی**

ئاوەڵناو لە زمانی كوردی و ئینگلیزیدا چەند پێوەر و تایبەتمەندییەكی هەیە، كە جیایە لە بەشە ئاخاوتنەكانی دیكە، كە پێوەری واتاییش یەكێكە لەو تایبەتمەندی و پێوەرانەی كە ئاوڵناوی پێ جیا دەكرێتەوە لە بەشە ئاخاوتنەكانی دیكە، لە هەردوو زمانەكەدا، بە گوێرەی ئەو بیر و واتایانەی كە ئاوەڵناو لە زمانی كوردی و ئینگلیزیدا دەری دەبڕێت، بە شێوەیەكی گشتی ئەو بیر و واتایانە لە هەردوو زمانەكەدا لە حەوت چەمكی سەرەكی كۆدەبنەوە، كە ئەمانەن:

- ئاوەڵناوی بارستایی: گەورە، كورت٣
- ڕەنگ: سەوز، سپی
- تایبەتی فیزیكی شت: گەرم، شیرین
- تایبەتی كەسی: قەڵەو، ژیر
- خێرایی: تێژڕەو، خێرا
- تەمەن: گەنج، پیر
- بەها: هەرزان، خراپ (محەمەد مەعرووف فەتاح: ٢٠١٠: ٣١٠)

.(Pernilla Hallonsten: 2009: 18)

**5.1.4 پێكداچوونی ئاوەڵناو لەگەڵ بەشە ئاوتنەكانی دیكە (تێكەڵبوون و پۆلگۆڕین)**

دیاردەی پێكداچوونی ئاوەڵناو و ناو لە هەردوو زمانی كوردی و ئینگلیزیدا هەندێ جار ڕوو دەدات، واتە لە هەردوو زمانەكەدا لێك دەچن، لەم دیاردەدا.

**1.5.1.4 پێكداچوونی ئاوەڵناو و ناو لە هەردوو زماندا**

لە زمانی كوردیدا دیاردەی بوونی (ئاوەڵناو بە ناو) هەندێك جار ڕوودەدات، بۆ نموونە:

وشەی (هێدی) دەبێت بە ناو و ئاوەڵناو لە ڕستەدا، وەكو:

هێدی چوو بۆ زانكۆ. (هێدی: ناوە)

احمد مامۆستایەكی هێدی بوو. (هێدی : ئاوەڵناوە)

ئەم وشانە لە فەرهەنگدا بە ئاوەلناو دادەنرێن، بەڵام كۆمەڵ بۆ ناوی تایبەتی بەكاریان دەهێنێت، بۆیە لەهەمان كاتدا بوونەتە ناوی تایبەتیش. (عومەر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٦: ٧٢).

هەروەها بە پێچەوانەشەوە بوونی ناو بە ئاوەڵناو لە زمانی كوردیدا ڕوودەدات، لە زمانی كوردیدا دیاردەی بوونی ناوبە ئاوەڵناو ڕوودەدات، بەشێك لە ناو شیانی ئەوەیان هەیە ببن بە ئاوەڵناو. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٦)

نموونە: ژنی كورد ئازایە. (ژن: ناوە)

نەسرین زۆر ژنە (ژن: ئاوەڵناوە)

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا هەندێ وشە هەن، دەتوانن، وەك ناو و ئاوەڵناویش دەربكەون، بەجۆرێك ئەگەر نیشانەی كۆكردنەوە وەربگرن و هیچ پێشگر و پاشگرێكی پلەی باڵا و بەراوردیان نەچێتە سەر، وەك ناو دەردەكەون، بەڵام ئەگەر (er, est) یان وەرگرت یان (more, most) لە پێشیانەوە بێت، ئەو كات وەك ئاوەڵناو دەردەكەون،بۆنموونە:

He is more criminal than Hamad. (adj).

Three criminals have been seen. (n). (Fatima hassan pirot: 2004: 17)

**2.5.1.4 پێکداچوونی ئاوەڵناو و ئاوەلکار لە هەردوو زماندا**

دیاردەی پێکداچوونی ئاوەڵناو بە ئاوەلکار لە هەردوو زماندا ڕوو دەدات، واتە لێك دەچن:

- لە زمانی کوردیدا دیاردەی بوونی ئاوەڵناو بە ئاوەلکار ڕوودەدات کە ئاوەڵناو لە ڕستەدا وەسفی کار بکات. بۆ نموونە وشەی (خێرا) کە لە فەرهەنگدا ئاوەڵناوە بەڵام کە لەڕستەدا وەسفی کاری کرد دەبێت بە ئاوەلکار، وەکو:

ئاسۆ خێرایە. (خێرا: ئاوەڵناوە).

ئاسۆ خێرا دەڕوات. (خێرا: ئاوەلکارە).

پەیوەندی ئاوەڵناو و ئاوەلکار لەوەدا دەردەکەوێت کە کاتێك ئاوەڵناوەکان لەڕستەدا پەسنی کردار دەکەن دەبنە ئاوەلکار)). (عومەر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٦: ٧٣).

- لە زمانی ئینگلیزیشدا هەندێ وشە هەن دەتوانن وەکو ئاوەڵناو و ئاوەلکاریش دەربکەون بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژی ڕوو‌بدات، تەنها بە چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا دەتوانین جۆرەکەیان دیاری بکەین، بۆ نموونە:

(late, straight, well, fast, hard, low, high, near, far, early)

(عبدالله ابراهيم سكتاني: ٢٠١١: ١٨٧)

وەکو :

This train goes fast. (fast: adv).

This is a fast train. (fast: adj).

Bob gets up early (1) to get an early (2) taxi.

(1) (early: adv.)

(2) (early: adj.) (Fatima hassan pirot: 2004: 10)

**3.5.1.3 پێکداچوونی ئاوەڵناو و کردار لە هەردوو زماندا**

پێکداچوونی ئاوەڵناوو کردار دیاردەیەکە، لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لەیەك دەچن، بەم شێوەیە:

لە زمانی کوردیدا بەیەکداچوونی ئاوەڵناو و کردار یاردەیەکە ڕوودەدات، چونکە هەندێ وشە هەن لە زمانی کوردیدا لە هەمان کاتدا(ئاوەڵناو و کردار)یشن، ئەگەر ئەم وشانە بوونە دیارخەری ناو ئەوا دەبنە ئاوەڵناو، بەڵام ئەگەر ئەرکی دیارخەر نەبینن، ئەوا دەبنە کردار و جێگەی کردار پڕدەکەنەوە، ئەو ئاوەڵناو و کردارانەی کە بەیەکدا دەچن، لە یەك چاوگەوە دروست دەکرێن، وەکو:

خۆری درەوشاوە هەلهات. (درەوشاوە: ئاوەڵناوە)

خۆر دەدرەوشێتەوە. (دەرەوشێتەوە: کردارە) (عومەر ئەحمەد عەزیز: 2016: ٧٤).

هەروەها لە ومانی ئینگلیزیشدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، کە کۆمەڵێك کردار هەن، وەکو:

(regret, fast, open) یان کردارەکانی لەسەر شێوەی(past participle) دەتوانن هەم وەکو ئاوەلناو و هەم کرداریش دەرکەون، بۆ نموونە (open,fast) ڕۆنانەکەیان لە سەر ڕێژەی کردارە، بەڵام وەك ئاوەڵناو ڕەفتار دەکەن، بۆ نموونە:

He left the door open. (Open: adj)

He made the machine fast. (Fast: adj) (Fatma hassan pirot: 2004)

**2.4 بەراوردکردنی پۆلکردن و جۆرەکانی ئاوەڵناو لە هەردوو زماندا**

**1.2.4 لەڕووی پێکهاتەوە**

مەبەست لە ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتەوە بریتیە لە ئاوەڵناو لەڕووی دارشتنەوە، هەروەها لەڕووی دارشتن و پێکهاتنیشەوە ئاوەڵناو دابەش دەبێت بۆ ئاوەڵناوی سادە و ناسادە، لە هەردوو زمانی کوردی ئینگلیزیدا.

ڕووی لێکچوونی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لەڕووی پێکهاتنەوە ئەمانەن:

- ئاوەلناو لە زمانی کوردیدا ل لەڕووی دارشتنەوە بریتیە لە ئاوەڵناوی سادە و ناسادە، ئاوەڵناوی ناسادەش دابەش دەبێت بۆ داڕێژراو و لێکدراو، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە، سادە (Simple) و ناسادە (complex) ناسادەش بریتییە لە داڕێژراو (Affixation) و ئاوێتە.(Compound)
- ئاوەلناوی سادە لە هەردوو زماندا بریتییە لە وشەیەکی سادەی واتادار، نموونە لە زمانی کوردیدا وەکو: ئازا، سور، زیرەك. لە زمانی ئینگلیزیشدا وەکو old, : happy
- ئاوەڵناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك دروست دەبێت، زیادەکەش دەگونجێت پێشگر یان پاشگر بێت.
- ئاوەڵناوی داڕێژراو لە مۆرفیمێکی داڕێژەر لە شێوەی پێشگر یان پاشگر پێك دێت. (عومەر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٦ : ٤٤)

وەکو: بێهێز، رووناك ... هتد

هەروەها ئاوەلناوی داڕێژراو (Affixation) لە زمانی ئینگلیزیدا بەهەمان شێوەی ئاوەڵناوی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا دروست دەکرێت. واتە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك دروست دەبێت، جا زیادەکە دەگونجێت پێشگر یان پاشگر بێت، وەکو : Childish.

(Najat Muhamad Ameen: 2009: 51)

ئاوەڵناوی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بریتیە لە لێکدانی دوو وشە یان دوو ڕەگ یان زیاتر بە یارمەتی یان بە بێ یارمەتی ناوبەندێك دروست دەبێت، وەکو: دڵپاك، لێوبەبار ... هتد

ئاوەڵناوی لێکدراو لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێت و لە هەندێك باردا ناوگریش بەشداری لە داڕشتنیدا دەکات. (کوردستان موکریانی: ٢٠١٧: ٣٥).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بە هەمان چەشنی زمانی کوردی، ئاوەڵناوی ئاوێتە (compound) واتە لێکدراو بەو ئاوەڵناوانە دەگوترێت، کە لە دوو ڕەگی وشە یان زیاتر پێکدێت، بۆ نموونە:

(good Reflecting) , (battery powered)

(Najat Muhamad Ameen: 2009: 51)

**2.2.4 لەڕووی واتاوە**

ئاوەلناو ل هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام ئێمە لە چوارچێوەی توێژینەکەماندا باسمان لە چەند جۆرێك کردووە، لە هەردوو زمانەکەدا، کە بریتین لە: ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی نیشانە، ئاوەڵناوی پرس، ئاوەڵناوی نادیار.

**1.2.2.4 ئاوەڵناوی چۆنیەتی**

لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لەچەند ڕوویەکەوە لە یەکدی دەچن، کە ئەمانەن:

**1.1.2.2.4 لەڕووی پێناسەوە**

ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لەڕووی پێناسەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکدی دەچن، بۆ نمونە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بریتیە لەو ئاوەڵناوانەی کە واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە و تایبەتی کەسی یان شت دەردەخات، لەوانە واتای شێوە و قەبارە، وەك: (گەورە، درێژ): یان واتای ڕەنگ، وەك: (سپی، شین) یان واتای وەك، (باکور، خوارەوە)، یان واتای سیفەتی کەسی، وەك، (دەستپاك، ڕووخوش)، هەروەها ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیشدا هەمان پێناسەی هەیە، واتە ( ئاوەڵناوی چۆنیەتی ئەو ئاوەڵناوەیە، کە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ناو یان جێناوەکان، وشەکانی وەك:

ئاوەڵناوی چۆنیەتین و زانیاری زیاتر دەربارەی (tall, silly, beautiful) (وشەکانی باسیان لێوە دەکات، دەخاتە ڕوو لەڕووی چونیەتیەوە.

**2.1.2.2.4 لەڕووی فۆڕم و بەکارهێنانەوە**

ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا هەمان فۆڕمیان هەیە، واتە لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی چۆنیەتی بریتیە لە سادە و ناسادە، هەروەها پلەکانی چەسپیوو و بەراوردو و باڵای هەیە.

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا بە هەمان شێوە:

ئاوەڵناوی سادە، وەکو: پاك، درێژ. (کوردستان موکریانی: ٢٠١٧: ٣٠).

Tall, Silly

ئاوەڵناوی ناسادە وەکو: بێهوش، خۆشباوەڕ. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٤)

(Najat Muhamad Ameen: 2009: 51) Dislike, battery powered

ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو، بەراورد، باڵا، وەکو: گەورە، گەورەتر، گەورەترین.

Big – Bigger – Biggest. (Fatma Hassan pirot: 2004: 54)

لەڕووی ئەرکیشەوە ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا هەمان ئەرك دەبینن، وەك لە پێشەوە باسمان کردووە.

**2.2.2.4 ئاوەڵناوی نیشانە**

ئاوەڵناوی نیشانە لە هەردوو زمانەکەدا لە چەند ڕوویەکەوە لەیەکدی دەچن:

**1.2.2.2.4 لەڕووی پێناسەوە**

لە هەردوو زمانەکەدا ئاوەڵناوی نیشانە ئەو ئاوەڵناوەیە، کە دەستنیشانی کەسێك یان شتێك دەکات، وەکو: لە زمانی کوردیدا: ئەم پشیلە سوورە، ئەو منداڵانە بەهێزن، لە زمانی ئینگلیزیدا، وەکو:

This book is mine, those books are yours.

هەروەها ئاوەڵناوی نیشانە لە هەردوو زمانەکەدا ڕووی ئێکهاتنەوە جیاوازیان هەیە، کە ئەمانەن:

ئاوەلناوی نیشانە لە زمانی کوردیدا لە دوو پارچە پێکدێت، کە پارچەیەکیان دەکەوێتە پێش ناوەکە و پارچەکەی تریان دەکەوێتە دوای ناوەکە. (نەریمان عەبدولڵا خۆشناو: ٢٠١٣: ٥٤-٥٥)

وەکو: (ئەم کوڕە زیرەکە)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە یەك پارچە پێکدێت و دەکەوێتە پێش ناوەکە وەکو

That is her photograph.

(مینۆ فەرزیگەر: ٢٠١٦: ١١٨)

**2.2.2.2.4 ئاوەڵناوی پرس**

ئاوەلناوی پرس لە هەردوو زمانەکەدا لەم ڕووەوە لە یەکدی دەچن، لەڕووی پێناسەوە لە هەردوو زمانەکەدا بۆ پرسیارکردن لە کەس، شت بەکاردێت، هەوەها ڕستەی پرس دروست دەکەن. وەکو: پێنوسەکەی من لای کامتانە؟ (سەباح مەجید: ٢٠١٣ – ٢٠١٢: ٤٦)

Whose child is this?

هەروەها لە هەردوو زمانەکەدا لەم ڕوانەشەوە لە یەکدی جیاوازن:

ئاوەڵناوە پرسەکانی زمانی کوردی بریتین لە (چ، چی، چۆن، چەن، چەند، کام، کامە)، بەڵام ئاوەڵناوە پرسەکانی(Whose, what, which)

(Sarah Aububaker Abdulrahman: 2014:13)

ئاوەڵناوی پرس لە زمانی کوردیدا دەشێت پێش یان دوای ناو یان جێناو بێت، بەیارمەتی **نیشانەی خستنەثال**یاخود بەبێ ئامرازی پەیوەندی، وەکو: جێیەکەی من کامەیە؟

(نووری عەلی ئەمین: ٢٠١٣: ١٤٥)

لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوە پرسەکان دەکەونە پێش ئەو ناوە یان جێناوانەی کە پرسیاری لە بارەوە دەکات وەك which book is yours?

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوە پرسەکان دەبنە تەواوکەری ڕاستەو خۆ یان بەیاریدەی کاری ناتەواو، وەکو: جێیەکەی من کامەیە؟ کێلۆی ئەو ترێیە بە چەندە؟

(نووری عەلی ئەمین: ٢٠١٣: ١٤٥)

بەڵام ئاوەڵناوە پرسەکان لە زمانی ئینگلیزیدا نابنە تەواوکەری کاری ناتەواو.

**3.2.2.2.4 ئاوەڵناوی نادیار**

ئاوەلناوی نادیار لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لەم ڕووەوە لە یەکتر دەچن، لە ڕووی پێناسەوە ئاوەڵناوی نادیار لە هەردوو زمانەکەدا بریتین لەو ئاوەڵناوانەی کە ئاماژە بە ناوێك یان جێناوێك دەکەن، دەبنە دەرخەری ئەو ناوە یان جێناوە، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار، وەکو: هەموو کەس حەز بە سەفرازی دەکەن .

(صادق بهالدین ئامێدی: ١٩٨٧: ٢٩٣).

It doesnt matter, I will take any of them.

ئاوەڵناوی نادیار لە هەردوو زمانەکەدا لەم ڕووانەوە لە یەکتر جیاوازن، لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوە نادیارەکان هەندێکیان دەکەونە پێش یان پاش ئەو ناوە یان جێناوانەی کە دەبنە دیارخراوی ئاوەڵناوەکە، وەکە: پێویستم بە کەسی دیکە نیە.

(نەریمان عەبدولڵا خوشناو: ٢٠١٣: ٥٤-٥٧)

هەندێك منداڵ نەخۆش کەوتن. (لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زنیاری کورد: ٢٠١١: ٧٦)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوە نادیارەکان دەکەونە پێش ناوەکە یان دەرخراوەکە، وەکو:

(

He has read every book.

It doesnt matter, I will take any of them. ((مینو فەرزیگەر: ٢٠١٦: ١١٦

**3.2.2.4 لەڕووی پلەوە**

ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لەم ڕووەوە لەیەکدی دەچن: ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا لەڕووی پلەوە سێ پلەی هەیە، کە بریتین لە پلەی چەسپیوو، پلەی بەراورد، پلەی باڵا.

(یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٥٣) وەکو: گەورە، گەورەتر، گەورەترین.

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا سێ پلەی هەیە، کە ئەمانەن: پلەی چەسپیوو (positive degree) ، پلەی بەراورد(comparative degree) ، پلەی باڵا (Superlative degree) وەکو (old – older – oldest) :

(Sarah Aububaker Abdulrahman: 2014: 17 – 18)

**1.3.2.2.4 جۆرەکانی پلە**

**1.1.3.2.2.4 پلەی چەسپیوو**

ئاوەڵناوی چەسپیوو لە هەردوو زمانەکەدا لەم ڕووانەوە لە یەکتر دەچن:

ئاوەڵناوی چەسپیو لە هەردوو زمانەكەدا سادە و ناسادەی هەیە، وەكو: گەرم، بێهێز، سەرسپی. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٠)

Central, rich)(هێمن احمد قادر: 2016: ٤٨٢)

ئاوەڵناوی چەسپیوو دەبێتە بناغە بۆ دروست بوونی پلەی بەراورد و باڵا. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٠)، وەكو: خۆش – خۆشتر – خۆشترین، هەروەها بەهەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیشدا دەبێتە بناغە بۆ دروستبوونی پلەی بەراورد و باڵا، وەكو :

. Polite – politer – politest

**2.1.3.2.2.4 پلەی بەراورد**

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لە هەردوو زمانەكەدا لەم ڕووانە لەیەكتر دەچن:

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لە زمانی كوردیدا بۆ بەراوردكردن لە نێوان دوو مەوسوفدا بەكاردەهێنرێت،

(صادق بهالدین ئامێدی: ١٩٨٧: ٢٧٥)، وەكو ئازاد زیرەكترە لە ئاسۆ.

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا بۆ بەراوردكردنی سیفەتێك لە دوو شتدا یان دوو كەسدا بەكار دێت.

(حسن محمود محمدی: ٢٠٠٩: ٧٨)، وەكو.khalid is older than aram :

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لە هەردوو زمانەكەدا لە ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو دروست دەكرێت، كە لە زمانی كوردیدا بە زیادكردنی پاشگری (تر) و لە زمانی ئینگلیزیشدا بە زیادكردنی (er) دروست دەكرێت.

وەكو : باش + تر = باشتر (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٧١)l.

Old + er = older (حسن محمود محمدی: ٢٠٠٩: ٧٨)

جگە لە زیادكردنی پاشگر بۆ سەر ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو لە هەردوو زمانەكەدا، هەروەها دەتوانین ئاوەڵناوی پلەی بەراورد دروست بكەین لە هەردوو زمانەكەدا، بەم شێوەیە:

لە زمانی كوردیدا، وەكو زیاتر ئازایە. كەمتر ترشە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٧٦).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر ئاوەڵناوەكە دوو بڕگەبوو، بۆ گۆڕینی بۆ پلەی بەراورد، لە بری پاشگری (er) ئەوا پێشگری (more) بەكاردێنین، وەكو :

She is more beautiful than her sister.(عبدالله إبراهيم سكتاني: ٢٠١١: ١٦٥)

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لە هەردوو زمانەكەدا لەم ڕووەوە لە یەكتر جیاوازن:

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لە زمانی كوردیدا بە پاشگری (تر)كە دەخرێتە سەر ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو ساز دەكرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە پاشگری (er) دروست دەكرێت.

**2.3.2.2.4 پلەی باڵا**

ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە هەردوو زماندا لەم ڕووانەوە لە یەتری دەچن:

ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە زمانی كوردیدا، ئاوەڵناوێكە پلەی سیفەتەكەی لە ناو هاوچەشنەكانی خۆیدا لەوانی تر زیاترە. (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٢٩) وەكو: ئاری زیرەكترین خوێندكارە لەم خوێندنگەیەدا.

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا هەمان پێناسەی هەیە، وەكو:

This car is the cheapest car in the market. حسن محمود (محمدی:٢٠٠٩: ٧٩)

بە شێوەیەكی گشتی ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە هەردوو زمانەكەدا لە ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو دروست دەكرێت، كە لە كوردیدا بە زیاد كردنی پاشگری (ترین) و لە ئینگلیزیدا بە زیاد كردنی پاشگری (est) دروست دەكرێت، وەكو :

جوان + ترین = جوانترین (یوسف شەریف سعید: ٢٠١٣: ٢٥٤)

Cheap + est = cheapest (حسن محمود محمدی: ٢٠٠٩: ٧٩)

جگە لە زیادكردنی پاشگر بۆ سەر ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوو، لە هەردوو زمانەكەدا دەتوانین ئاوەڵناوی پلەی باڵا دروست بكەین بەم شێوەیە: لەزمانی كوردیدا بە زیاد كردنی وشەی (هەرە) لە پێش ئاوەڵناوی پلەی چەسپیوودا ئاوەڵناوی پلەی باڵا دروست دەكرێت، وەكو: هەرە شیرین. (ك.ك.كوردۆییف: ١٩٨٤: ١٥٠) .

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر ئاوەڵناوەكە دوو بڕگە بوو یان زیاتر لە بری زیادكردنی پاشگری (est) پێشگری (most) لە پێش ئاوەڵناوەكەدا دادەنێین، وەكو) .This is the most useful book: حسن محمود محمدی: ٢٠٠٩: ٨٠.(

ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە زمانی كوردی و ئینگلیزیدا لەم ڕووانەوە لەیەكدی جیاوازن: ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە زمانی كوردیدا بە زیادكردنی پاشگری (ترین) كە دەخرێتە سەر ئاوەڵناوی چەسپیوو دروست دەكرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە زیادكردنی پاشگری (est) سازدەكرێت، لە زمانی كوردیدا ئاوەڵناوی پلەی باڵا بە زیادكردنی پاشگری (ین) بۆ سەر ئاوەڵناوی پلەی بەراورد دروست دەكرێت. وەكو: ئازاتر + ین = ئازاترین .

(ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٨٤)ا.

هەروەها لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی پلەی باڵا بە یارمەتی وشەکانی (لە هەموو، لە هەموو شت، لەسەر تاپایان، لە تێکرا) کە دەخرێتە پێش ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و پلەی باڵا دروست دەکەن. وەکو: لە هەمووان تاڵتر. (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٢٥٤).

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ناتوانین ئاوەڵناوی پلەی باڵا لە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد بەبێ تێکچوونی مۆرفۆلۆژی دروست بکەین.

لە هەردوو زمانەکەدا لە کاتی گۆڕینی ئاوەڵناو لە پلەی چەسپیووەوە بۆ پلەی بەراورد و باڵا گۆڕانکاری مۆرفۆلۆژی ڕوودەدات لە پێکهاتەی وشەکەدا. نموونە: زیاد + تر = زیاتر.

زیاد + ترین = زیاترین. (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٨٥)ا.

Big + er = Bigger, Big + est = Biggest

هەروەها لە هەردوو زمانەکەدا هەندێك ئاوەڵناو هەن پلەی بەراورد و باڵا وەرناگرن، لە زمانی کوردیدا، وەکو: کوێر، شلەتێن، مێخوش...هتد.

مینۆ فەرزیگەر: (each, right, several ... etc) لە زمانی ئینگلیزیدا، وەکو (٢٠١٦: ١٣١

### 5. ئەنجام

- ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، واتە پۆلە فەرهەنگییەکی سەربەخۆیە و لە ڕیزی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیدایە.
- ئاوەڵناوی چۆنیەتی لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا پلەکانی (چەسپیو، بەراورد، باڵا)ی هەیە.
- ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا دەبێتە تەواوکەرو دیارخەری ناو و جێناو.
- ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا بەشداری لە داڕشتنی وشەی نوێ دەکات، واتە وەك مۆرفیمی بنکە دەتوانێت وشەی نوێ دابڕێژێت.
- لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ئاوەڵناو وەسفی ناو یان جێناو دەکات و زانیاری دەربارەی ئەو ناوە یان جێناوە دەخاتەڕوو، کە وەسفی دەکات.
- ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی دیکەی وەکو (ناو، کردار، ئاوەڵکردار) پێکدادەچن، ناتوانرێت بە تەواوی سنوریان دیاری بکرێت.
- ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا لەڕووی واتاوە بەگشتی حەوت جۆرە، کە بریتین لە ئاوەڵناوەکانی (بارستایی، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها).
- لەڕوو پێکهاتنەوە ئاوەڵناو لە هەردوو زمانەکەدا سادەو ناسادەی هەیە.
- ئاوەڵناو لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی زمان لەچوارچێوەی ڕستەدا لە شوێنی جیاجیا دێت.
- ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا کاتێك دەبێتە دەرخەری ناو یان جێناو، ئەوا دەشێت بکەوێتە پێش یان دوای ئەو ناوەی یان جێناوەی، کە دەری دەخات، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیشە ئاوەڵناو دەکەوێتە پێش ناو یان جێناوە دەرخراوەکە.
- لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو نیشانەی کۆ و ناسراوی و نەناسراوی و جێناو وەردەگرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناو نیشانەی کۆ و جێناو وەرناگرێت.
- لە زمانی کوردیدا ئەو مۆرفیمانەی، کە ئاوەڵناو نەرێ دەکەن تایبەت نین بە ئاوەڵناو، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تایبەتن بە ئاوەڵناو.
- زاراوەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی بێگانەیە و لە زمانی تر وەرگیراوە.
- زمانی کوردی زمانێکی ئاوەڵناوی نییە، بەڵام زمانی ئینگلیزی زمانێکی ئاوەڵناوییە.

### 6. لیستی سەرچاوەکان

#### 1.6 بە زمانی کوردی


1. ئازاد حەمە شەریف و ڕەوەند عەبدولقادر دەروێش، نوێکار، چاپ خانەی نازە، هەولێر، ٢٠٠١
2. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات ، هەولێر، ٢٠١٤، ا.
3. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات ، هەولێر، ٢٠١٤، ب.
4. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات ، هەولێر، ٢٠١٤، ج.
5. حسن محمود محمدی، ڕێزمانی ئینگلیزی ئاوێنە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٩
6. ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی دەزگای چاپ بلاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

7. زەرێ یوسو پۆڤا، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی وەرگێرانی لە رووسیەوە: کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
8. سەباح مەجیدوئەوانیتر، ڕێزمانی کوردی، پۆلی یازدەمی ئامادەیی،بۆ سالی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣.
9. سەلام ناو خۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی دووەم، ٢٠١٠
10. شێروان حوسێن خۆشناو، توانای مۆرفیمی بەند لە دەولەمەندکردنی فەرهەنگ و راپەراندنی ئەرکی سینتاکسیدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦
11. صادق بهالدین ئامێدی، ڕێزمانی کوردی، خانەی کارگێری رۆشنبیری گشتی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٧.
12. عبدالله إبراهیم سکتانی، رێبەری زمانی ئینگلیزی، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠١١.
13. عەبدولواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٣.
14. عەلی روخزادی، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، بلاوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە، ٢٠١١.
15. ك.ك.کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی (بە کەرەستی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی) وەرگێرانی لە رووسیەوە : کوردستان موکریانی، هەولێر، ١٩٨٤.
16. کوردستان موکریانی، زمانی کوردی، مۆرفۆلۆژیا، چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧.
17. گۆران شاخەوان راپاتی، چەپکێك لە زمان و فەرهەنگی بالەکایەتی، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.
18. لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆری زتنیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، دەزگای چاپ و بلاوەکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١١.
19. محەمەد مەعروف فەتاح، لیکولینەوە زمانوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.
20. محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغداد، ١٩٧٣.
21. مینو فەرزیگەر، ڕێزمانی گشتگیری ئینگلیزی، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە، فەرەیدوون حوسێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.
22. نووری عەلی ئەمین ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٣.
23. نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چاپی پێنجەم، هەولێر، ٢٠١٣.
24. هێمن أحمد قادر حمەأمین عبدالرحمن، سەرەتایەك بۆ فێربونی زمانی ئنگلیزی و ڕێزمانی ئینگلیزی بۆ ئاستەکانی خێندنی سەرەتایی و بنەرەتی و ئامادەیی، چاپی دووەم ٢٠١٦.
25. یوسف شەریف سەعید، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
26. یوسف نوری محەمەد ئەمین، رستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، ٢٠١٥.
27. نامەی ئەکادیمی:
1. عومەر ئەحمەد عەزیز، تێروانینێکی نوێ بۆ ئاوەلناو لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکوی گەرمیان، ٢٠١٦.
28. گۆڤار:
29. کوردستان موکریانی و محەمەد مەعروف فەتاح هاوەلناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە پێنج، : 56-٦٢١٩٨٣.


**2.6 بە زمانی ئینگلیزی**


1. Alexander:L.G(smiley)1988)Longman English Grammar London: Longm
2. Anneseaton. Y.H.Mew (2007)- BASIC ENGLISH GRAMMER FOR ENGLISH LANGUAGE LERNER - SADDLE BACK EDUCATIONAL PUBLISHING
3. Celce – Murcia, M. and Larsen – Freeman, D.(1999), The Grammar Book: An ESL/EFL Teacher's, Course(2nd edition). Stamford, CT: Heinle and Heinle.
4. Eastwood: J. (1994) Oxford Guide to English Grammar. Oxford: Oxford University Press.
5. GREENBAUM SIDNEY & NELSON GERALD (2009) AN INTRODUCTION TO ENGLISH GRAMMAR 2^nd Longman Harlaw London office
6. Greenbaum ،sidny and Ouirk •Randolph (1990) A student's grammar of the English language. Harlaw ،longman Grup UK Limited.
7. Jane Schwartz (2003) - GRAMMER POWER THERD EDTION- Simo & Schuster- NEW YORK. LONDON. SYDNEY. TORONTO.
8. Jennifer Seidl- (2004) Grammar TWO - (oxford university press)
9. Librairie du Liban Publishers: (2000) Collins York New Schools Dictionary L. Li. Su
10. LOUISE McNALLY AND CHRISTOPHER KENNEDY (2004) Adjectives and adverbs- syntax «semantics sand Discourse - OXFORD LINGUISTICS.
11. Raymond murphy, (2012), English grammer in use, theird edition.
12. SWAN •Michael. (2005). practical English usage 3 rd ed. Oxford: Oxford university press.


**3.6 نامەی ئەکادیمی**


1. DInya Muhamad Ahhmad (2005) - Adverb-Adjective collocation in English, Koya University.
2. Fatima Hassan pirot / (2004) - (adjective complementation in English and central Kurdish - a contrastive study) B. A/Slemani University.slemani (research).
3. john Payne Rodney Huddleston & Geoffrey K. Pullum (2010). The distribution and category status of adjectives & adverbs in English
4. Najat Muhammad Ameen (2009 ad) Comparative study of syntax and semantics of adjectives in English and Kurdish.
5. Pernilla Hallonsten - spring (2009) - on the university and variation of the adjective category -land university
6. Sara Aububaker Abdulrahman (2014) EFL Students Errors in Differentiating Between Adjectives and Nouns in Usage, Sudan University of Science and Technology, College of Languages Department of English Language

7. Sumaya Rasul Haji & Kaifan Ahmad Omer& Rozhgar Hussein Hasan - (May 2017) A Syntactic Study Of Adjectives.

### 4.6 بەزمانى عەرەبى

1. مشيل شكمجيان، الجامع القواعد اللغه الانكليزيه، الكبعه الاولى، المكبعه گلها، ٢٠٠٥ م.

### 5.6 پێگەى ئەلكترونى

1. (https://www.fluentu.com/blog/english/english-adiectives/)
2. https://studfiles.next/preview/3579817/page:21]
3. www.etymonline.com